## زانای ناودار: سەیدا مەلا خەلیل سلێمان «مشەختی»

**مانای شۆڕشە فەرهەنگیە کە بەوە لێک نەدرێتەوە کە وەک ڕووداوە سیاسیە کان کتوپڕ دەتوانێ بارودۆخە کە ژێراوژور بکات، کاری فەرهەنگی لە ژێر خانەوەدەستی پێ دەکرێ و هەرچی بەرزتربێ بناغە کەشی پتەو تر دەبێ.**

لەم بێ سەروبەرەیەی ئەدەب و هۆنەی کوردیدا کە زۆر نوسەر و شاعیری وێژەی کوردی بێ ئەوەی بەرهەمە کانیان بە جوانی بازاری ئەدەبی کوردی پێ ڕەونەق بسێنێ لە گۆشەی تاریکی فەرامۆشخانەی مێژو خاك و خۆڵ دەیخواو دەی رزێنێ و پەردەی بە سەردا دەدرێ...

زانای ناودار سەیدا مەلا خەلیل ناسراو بە «مشەختی» شاعیر و نوسەری بە توانای نەناسراوی کوردیش لە زومرەی کەسانێکە پلە و پایەی نە ناسراوە و بەلەبەر چاو گرتنی بەرهەمە کانی مافی خۆی نەدراوەتێ...هیندێ جار ناوە ناوە پارچە شیعر و قەسیدەیە کی بە بۆنەی جۆر بەجۆر لاپەری ڕۆژنامە وگۆڤارە کوردیە کانو هەندێلە ژیان و بەشێکی زۆر لە بەرهەمە کانی کە تیایدا سرنج دراوەتە ئاوارە یی و کوڵەواری ژیانی کوردی ئاوارەی کوردستانی عێراق، سەیدا مشەختی لە ئەوین و ئایین و عێرفان و...، خافڵ نەبووە، لە نوسینی بابەت و ئامادە کردنی چەند کتێب و تەفسیرو وە رگێراندا لە رادە بەدەر خۆی ماندو کردووەو رەنجی کێشاوە، سەیدا مەلا خەلیل سلێمان، لە نێوان سالآنی ۱۹۰۲ زایینی کە دەبێتە ۱۳۲۵ تا ۱۳۲۷ مانگی لە گوندی «بەلاوات» لە ناوچەیە کی کوردستانی عێراق سەر بە پارێزگای موسڵ چاوی بە دونیا هەڵهێناوە،...

تۆ بزانە چارەنووسی سەیدا (مشەختی) و ناوی گوندە کەیان «بەلاوات» چەندە، لێک دەچن، سەیدا، بەلاوات ئاوارەی دۆستانی دیرینی یە کن، هەمیشە دەستە و یەخەی ژیانێکی سەخت و کۆچاو کۆچکردن بووە، گرانی و نەبوونی، شەڕی یەکەمی جیهانی دیوە، نابەوەخت باوکی لە کارەساتێکدا گیانی بەخشیوە و بە هەتیوی و هەژاری لە بەرامبەر دونیایە کی بەم گەورەییە سەنگەری مانەوەی گرتووە.

Dr.Saleh Ebrahimi

بۆ گوزەرانی ژیان، لەگوندی دینارانی سەر بە ناوچەی «ئاکرێ» بووتە «گۆیلکەوان» و لەلای مەلا قادر... پێش نوێژی مزگەوتی گوندەکە دەرسی خوێندوە، نەی توانیوە بەرۆژ بچێتە حوجرە، شەوانە دوای گەڕانەوە لەگۆیلکەوانی دەچووە لای مامۆستا و ئەو سیپارەی بۆی نوسیبو دەیخوێند، تا وای لێهات ئەوەی تەواو کرد، جا چونەتە سەر خوێندنی قورئان و لە خزمەت هەمان مامۆستا خەتمی کردوە، ئیدی بەرە بەرە دەستی کردوە بە خـوێندنەوەی کتێب، پاش سێ ساڵ گۆلکەوانی چوتە ریزی فەقێیان، لە فەقیەتیدا زۆر گوندگەڕاوە و لە لای زۆر مامۆستا دەرسی خوێندوە، دوای ١٥ ساڵ برسیەتی و ئاوارەیی و شەکـەتی کێشـان و دەرس خوێندن، خوالێخۆشبو مەلا ئەحمەدی (رەش) ئیجازەی مەلایەتی پێداوە، کە بووتە مەلا ٢٧ ساڵانە بووە، پاشان بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ مەلایەتی زۆر گوندی کودستـانی عـێراقـی کردوە.

لە ساڵی «١٩٤٠-ز» پەیوەندی لەگەڵ رۆژنامەی «هاواروروناهی دەگرێ.

ساڵی ١٩٧۴ بە ناچاری پەنای هێناوەتە بەر ئێران، لەوکاتەوە نیشتە جێی ئەم وڵاتەیە لە زێوە، یەزد و تاران ژیانی بردۆتە سەر.

هەر لە فەقێیەتیەوە هەتا بووتە مەلا و هەتا ئەوەدەمەی بەشداری شۆڕشی کوردستانی عێراقی کردوە هەمیشە لە خزمەتی فەرهەنگی کوردیدا بووە، چ بە شیعر. چ بە نوسینی بابەت و دانانی کتێب و وەرگێڕانی شیعر و نوسراوەی دیکە.

سەیدا مشەختی بە زمانی عەرەبی ئەم کتێبانەی داناوە.

١ـ البلاغە فی علم البلاغە

٢ـ المدنی بشرح المغنی

لە زمانی کوردیش بۆ ئەم بابەتانە خۆی ماندوو کردووە.

١ـ تەفسیری قورئان لە ٧ بەرگدا

٢ـ فقە محەمەدی، مەردوخ لە یەک بەرگ (وەرگێران).

٣ـ فەرهەنگی مەرگ و ژین، کوردی بە کوردی کە ١٢٠٠ لاپەرەیە.

۴ـ توێشەی پاشەرۆژ (فقە شافعی)

٥ـ مەولودا پێغەمبەر (منظومە)

٦ـ المنافقون

٧ـ دین و سیاسەت

٨ـ کۆمەڵێ چیرۆك و پەندی پێشینانی کوردی، نوسراون و کۆکراونەتەوە.

٩ـ روباعیاتی خەیام (وەرگێران).

١٠ـ روباعیاتی باباتاهیری هەمەدانی «عوریان» (وەرگێران)

١١ـ روباعیاتی فایز دەشتستانی (وەرگێران).

١٢ـ فەرهەنگی «ئشکەفتان»

شیعرەکانی سەیدا لە سەر نەزمی شیعری کوردی وەرگێراوە،هەڵبەت هەموشی بە کرمانجی ژورو نوسراون، شیعرەکانی خۆی نزیکەی ٢ـ هەزار بەیتی لە عێراق جێ ماوە، ئەوانی کەش نزیکەی ١٠٠٠ قەسیدە دەبێ لە حەوت بەرگدا کۆی کردونەتەوە بەڵام چاپ نەکراون، بۆ مەسەلەی فەرهەنگە کوردی بەکوردییەکەی (مەرگ و ژین) پێشتر لەکوردستانی عێراق فەرهەنگێکی دانابو، بەناوی فەرهەنگی (ئشکەفتان) ناوەکەی لەو بارودۆخە سەختەی کە تیایدا بون بە هۆی مەترسی لە بوردمانی فڕۆکە و تۆپخانەی دوژمنەکانیان کە لە ئەشکەوتدا دەژیان «ئشکەفتان»ی بۆ هەڵبژاردوە. ئەو فەرهەنگە خوالێخۆشبو مام هەژار بردی بۆ کۆڕی زانیاری کورد،لە بەغدا کە چاپی بکەن بەڵام ساڵی ١٩٧٤ کاتێک شەڕ لە نێوان حکومەتی عێراق و کورد هەڵگیرسا و ئاوارە بوون فەرهەنگەکە هەروا لە بەغدا مایەوە.

دیسان لێرەلە «ئێران» دەستی کردەوەبە نوسینی فەرهەنگێکی دیکە، ئەم جار بە ناوی «مەرگ و ژین» یانی لە نێوان مەرگ و ژیاندا، ئەم ناوەشی لە بەر ئەوە هەڵبژاردوە کە سەیدا پیرە و لە نێوان مردن و ژیاندایە، یان ئەوەتا میللەتی کورد و فەرهەنگەکەی لە مەترسیدان، ئەم فەرهەنگەش لەبەر دەس کورتی بۆی چاپ نەکراوە، هەر چەند تایپ کراوە و پێشتر لە شوێنێک ئامادە بون، چاپی بکەن بەڵام لە دواییدا پییان وتووە دەبێ ٣٠٠ هەزار تومان بدەی تا چاپی بکەین، دیارە ئەو پوڵە یشی بەدەسەوە نەبووەو فەرهەنگەکەش هەروا لە سەر دەستی مایەوە تەوە.

جیاوازی ئەم فەرهەنگە لەگەڵ ئەوانی دیکە لەوەدایە، هەر زاراوەیەک بتەوێ زو پەیدا ئەکرێ چونکو کاتێ دەنگەکە ئەگۆڕێ سەیدایش گۆڕیویەتی.

بەڵام بە داخەوە، بەختی ڕەش، ئەو برایانەی کە لە بواری ئەدەب و فەرهەنگی کوردی کار ئەکەن تائێستا یارمەتی چاپ کردنیان نە دراوە. ئەوەش بڵێن هەر چەند نوسینەکانی سەیدا بە شێوەی کرمانجی ژور وە بەڵام بۆ فەرهەنگە کە لە تەواوی زاراوەو شێوەکانی کوردی کەڵکیوەر گرتووە. لە گشت زاراوەکانی بەهدینی، سۆرانی، موکری، شبەک، شمزینانی، هەکاری، هەورامی و کەلهوڕی تێدایە.

هەمو دەزانین سروشتی کوردستان بۆ خۆی شاعیرانەیە رو دەکەینە هەر مەڵبەندێکی، سەدان شاعیری تەردەست و زمان پاراو و خاوەن هەستی بەرزو ناسک دە بینین...

سەیدا لای‌وایە خانی، جەزیری، شیخ نورەدین، فەقێ تەیران، مەولەوی، مەحوی، وەفایی، مەردۆخ و نالی سەر قافڵەی شیعری کوردین، - رۆژگاری سەخت و چەرخی کەج رەفتار سەیدای ناچار کردوە تا سکاڵای دڵی خۆی بەزمانی شیعر هەڵڕێژێ‌و هەزار قەسیدە دانێ، کە بەشێکی کەمی نەبێ عەرەبییە، هەموی بەکوردین و لە سەر شێوازی کلاسیکە و لەم بوارانە شیعری و تووە: ئایینی، سیاسی، خەیاڵی، چیرۆکی، کۆمەڵایەتی، هەجو، عیرفان، دڵداری،... هیندی تەخمیسیشی هەیە، دەم بە دەم لە زۆر شوێنا شیعرەکانی بڵاوبونەتەوە، هەڵبەت هیندێکی بە ناوی موستەعار «خواستەمەنی» ئەوەیە زۆر کەس دەتوانن بڵێن ئە و شیعرانە هی ئەوانە!! وەک لەکوردی دەڵێن ماڵی مردوان هەر بۆزیندووانە. با لەناو نەچن هەر کەسێکیش کردیە موڵکی خۆی قەیدی ناکات.

وەک زانیمان کتێب و نوسراوە و شیعرەکانی سەیدا هەروا ماونەتەوە، هیوادارین هەر چۆنێک بوایە بگەیشتنایە دەست خوێنەری کورد، ئەو باوەڕەش بەڕاست نازانین لەم بارودۆخەی ئێمەدا تەنیا قەڵەم بتوانێ بژێوی نوسەر و شاعیری کورد دابین بکات. هەر چەند ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوە نیەکە بۆ خزمەتی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی داوای پوڵ بکرێ، جا لە سۆنگەی ئەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتەکە مان ڕوت و برسی‌یە، لەو سونگەوە ئەدیبەکانمان دەکەونە سەخڵەتی و تەنگ دەستی، دەبێ پشتێنی هیمەت شل نەکەن، ئەمانە بۆ پاشەڕۆژ

دەمێنێ و چۆن ئێستا بەرهەمی ئەحمەدی خانی، مەلای جەزیری و بابەتاهیر... هەرچەند بەرهەمی ئەوان و ناودارانی دیکەی کورد کە ماونەتەوە کەمن بەڵام جێی شانازین.

من بەوە باوەڕم هەیە شۆڕشێکی فەرهەنگی لەم دواسەدەیە دەستی پێ کراوە، ماشاءا... هێندە، نوسەرو شاعیر و ئەدیبمان لێ پەیدا بوون کە ئەگەر نوسینەکانیان چاپ و بڵاو بکرێنەوە، خڵتە و پڵتەیان دەرهاوێژین و لە بێژینگ یان بدەین ئەو جاریش دەبینی زۆر نوسین و بابەتی بە کەڵک و شیعری بە هێزو بە پێزمان بۆ دەمێنێ، جگەر خوێنیش هەر چەند لەوانەیە خوێنەرانی کورد کەمتر بیناسن بەڵام دەزانن چەندە بەرهەمی هەیە؟ بۆ عالی بەدر خانیش دەڵێم لەوە بەدوا فەرهەنگی کوردی بوژایەوە و ژیایەوە، ئەو سنوری نێوان ئەدەبیاتی کۆن و نوێی کوردی پێکەوە گرێ دا، زۆر کاری ئەنجامدا، زۆرتریش ماوە و چاوەڕێن قڵەم بە دەستی بە تواناڵییان بچنە پێش و کارەنیوەو ناتەواوەکان تەواو بکەن و شتی تازە دابهێنن، چونکو ئاساییە ئەوەی سەدساڵ بەر لە ئێستا نوسراوە زۆر واژەو وشەی تێدایە کە مانایان نازانین، هەڵبەت زمان لە پێشکەوتندایە، بۆیێ نابێ ئێمە هەر بەو بەرهەمە کۆنانە ڕازی بین.

هەر چەنە ڕاپەرینی فەرهەنگی لەنێو کورددا دەستی پێ کراوە بەڵام با جارێ با مانای شۆڕشە فەرهەنگیە کە بەوە لێک نە درێتەوە کە وەک ڕوداوە سیاسیەکان کتوپڕ دەتوانێ بارودۆخە کە ژیراوژور بکات، کاری فەرهەنگی لە ژێر خانەوە دەستی پێ دە کرێ و هەرچی بەرزتربێ بناغە کەشی پتەوتر دەبێ، بۆیێ دەڵێم شۆڕشی فەرهەنگی چونکو لە بناغەوە زۆر شت بنیات نراوە، ئێمە ئێستا گیرو گرفتی دە ساڵ بەر لە ئێستا و نەخوازەڵا نیوسەدەی بەر لە ئێستامان نیە، ناڵێم هەمو کارەکان بەجێ و ڕێبون، من ئەوە دەڵێم لە ڕادەی توانا کارکراوە، ئەگەریش هەڵە و کەموکوڕی بەرچاو دە کەوێ ئەوە تەنیا کوردنیە گیرۆدەیەتی، فەرهەنگی گەلە پێشکەوتووەکانیش بە شێوەی دیکە دوچاری هەمان چەرمەسەرێن، لێرەدا کەسێک سەر دە کەوێ کۆڵ نەدات فەرهەنگێک زیندو دەمێنێ هەوڵی بۆ بدرێ.

ئێمە ئێستا لە سەر ئەوە مشت و مڕمانە کە پیتەکانی کوردی چۆن بن و بە کامیان بنوسرێ؟! ئەوەی دەسەڵاتی بە سەرلاتینە کە دەشکێ بەرەولای خۆی ڕاپێچی ئەدا، ئەوی پیتە عەرەبیەکانی دەستەمۆ کردوە و هێندێ پیتی تایبەت بەکوردیشی خستۆتە سەرێ دەڵێ. ئەوەکەی

Dr.Saleh Ebrahimi

ئێمە باشترە وا باشە لە سەر خاڵە هاوبەشە کان کار بکەین تادە گەینەئەو پلەیەی بە باوەڕ و بەیەقیین بڵێین شێوەی نوسینی کوردی بە چ پیتێک باشترە...!! لە بارێکی دیکەوە ئێستا زمانی کوردی زمانی تەنیا شیعر و پەخشان نیە، بۆتە زمانی تەندروستی، پیشەسازی، کشتوکاڵ، زانیاری... ئەگەر زاراوە فەننی و زانستیە کانی لێ دەرهاوێژین، فەرهەنگی نوسراوی ئەمڕۆی کورد دەسەڵاتی بەسەر هەموو بەشە کانی دیکەدا دەشکێ و بەڵگەشم ئەو وەرگێڕانانەیە کە وەرگێڕە کانمان هێناویانەتە سەر زمانی کوردی و نوسەرانمان نوسیویانە...

سەیدا مشەختی لەوەڵامی پرسیارێکدافەرمویەتی:[1] بە بڕوای من ئەگەر لە سەر ڕێڕەوێکی زانستی تەواوی زاراوە کوردییە کان لە خزمەتی پەرەپێ دانی فەرهەنگ نوسین و دارشتنی بناغەی زمانێکی تەواو بە کار بهێنرێن، ماندو بونی ئەم گشت ساڵەمان بە فێڕو، ناچێ من (مشەختی) لە فەرهەنگە کەی خۆمدا هەوڵمداوە، بێ ئەوەی هەست دەمار گیری ناوچەیی کارم بکاتە سەر تەواوی زاراوە کانی کوردی لە خزمەت ئەو ئامانجە بە کار بێنم. فەرهەنگە کەی من وەک فەرهەنگی خوالێخوشبو (مەردۆخ) نیە تایبەت بە ناوچەیەک بێ، من کە بۆ خۆم «شەبەکم» زاراوە کەمان لەزۆر شتدالە گەڵ واژەی هەورامی یەک دەگرنەوە، ئێمە لە ناوچەی موسڵ و ئەوانیش لە مەڵبەندیی هەورامان، چۆن یەک دە گرنەوە، ئاساییە کە بگوترێ هەر دو لاکوردن و شەبەکە کان لەو ناوچەیە هەڵکەنراون «بەهەر هۆیەک بوبێ» ئەو جار کە لە ناوچەی موسڵ نیشتەجێ دەبن، ناوچە کە عەرەبی تێدایە، تورکی لێ نزیکە. ئەوتێکە لاویە کاری کردۆتە سەر ئێمە، بۆ وێنە لە هەورامان «ماچو» بە واتای ئەو دەبێژێ، بەڵام شەبەک (ماچو) بە واتای: ئەز دەبێژم، و ماناکەی تەواو پێچەوانەیە، خۆ هەر دولاش کوردن. کە دەڵێم شۆڕشی فەرهەنگی مەبەستم ئە و ڕۆشنایە، کە تۆلە ڕێی گەیشتن بە ڕێگای پان و بەرینی فەرهەنگیمان بۆ دەنوێنێ سە دمێک مانای زۆر واژەمان بۆ لێک نە ئەدرایەوە، بەڵام ئێستا کلیلی فەرهەنگە تۆمار کراوە کەمان زۆر دەرگای پێ دە کرێتەوە، ئیدی دیوانی مەلای جەزیری ئەوەندە گران نیە! خوێنەری

---

١ـ زانای بە ڕێزو دڵسۆز محەمەد کەمانگەر لە ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا وتوو بێژێکی لە گەڵ سەیدا مشەختی ئەنجام داوە ولە ژمارەی ١١ی ساڵی ١٣٧١ لە کۆواری ئاوێنە لە پەرەی ٦ تا ٩ لە چاپ دراوەو ئێمەیش زۆرمان لەو وت وێژە کە لک وەرگرتووە (شە پۆل)

کورد شەرحی دیوانەکەی بەدەستەوەیە. ئەگەر سەردەمێک شارحی دیوانی مەلای جەزیری نەیدەزانی وشەی «مەفا» چیە؟ کە لەم بەیتەدا شاعیردەلی: شەربەتا لیڤان مەفایە... ئێستا دەزانین وشەی «مەفا» بۆ واتای سود بەکاردەهێنرێت، بە لێگەشمان بۆ راستی ئەو واتایە بەکار هێنانیەتی، لە ناوچەی (عشایر السبعە.) ئەمانە هەمو لە ئەنجامی پێشکەوتن و لێکۆڵینەوە و ڕەنجی دەیان ساڵەی ئەدیبەکانمان بەدەس هاتون، خوێنەرانی بەێز ئەمەش چەن شیعر لە شیعرەکانی سەیدا مشەختی.

## ژیانی مە هەمو ژانە

ئەم ڕۆژگاری کە چ ڕەفتار، هەر دبگرو بکێشینە

مەزورانە لگەڵ زۆردار، وەکی مست و درێشینە

هەمی دنیا خەم و ڕەنجە، نشیڤی ڕاستی ئەفرازی

نە جەژن و خورەمی تێیە، شەڤو ڕۆژ هەر نەخۆشینە

کەسێ ڕۆژەک کەنی ساڵەک، دڤێ گریەی بکەت بێشک

ژبەرکو ئادەمیزادان، دجەنگ و جەرە کێشینە

دبینی بەدفەران گیتی، کرە دوزەخ لسەر دنیا

زەمین بو (تعزیە) خانە، هەمیشینە هەمیشینە

ئەگەر ئینسان بکول و دەردن، مەدەردوکول هەزار چەندە

ببینە کورد و کوردستان، وەکی هەڤرانی ئاشینە

مەیارو وارژدەستی چۆن، مەخین و رۆنەکە هەمدەم

مەخارن ئاخۆکوڤانە، برینیت مەڕەش و شینە

ستەمپیشان دڤین ڤربین، بکوشتار یان دغر بتدا

کەسی بن زەحمەتی واندا، دگەزەند و دڵ خەراشینە

بەکوشتن گەر هەمی نەمردن، بکیمیای دی مە نابود کەن

ویان زیندە بەگوڕ دیکەن (حصاد) و ڕەک تراشینە

چ کیندارە، لمە ڕوژگار، کودەربا مەردنی دانا

ببینە بەعسی و سەددام وەکی توفان لپیشینە

خوداته ئەو دزو جەردە و نە هەموار کرنە میروشا
زڕەوشتی بابو با پیریان، نە ئەهلی میهرو باشینە
دڕندە و گورگی سەحراینە، زگەك تیرو هزار بررسی
لسەر سفرامە تیرنان بون، نی سفرامە بهەفت شینە
پیاونینن نەبون نابن لقاموسیان نیە وجدان
تە ئەم بووان شکاندین و دخم خانا هەش و شینە
فەلەك مالآ تەویران بت، چ جار بومە نە بشکفتی
هەری توندو مرو مۆری، خەلاتت تەحل و ترشینە
ئەوان هەستی لمە خار و فەلەك ژی گوشت و خین میژی
برینێت مە ژ سەدان بورین، تیرا وەلجەرگ و خاشینە
ببینە چ بسەری کورد هات، کو (یارب) سەر کەسی نیتن
ە گوڕو نەزارەك هەی، نە غوسلو کفن و پوشینە
مخابن بۆکوڕیت کاوەی، ژملیونەك شەهیدبورین
دو میلیون دەربەدەڕ بیژە، بداغ و دڵ خەراشینە
ببین ڕوژگار کو پاڵدام و مشەختگاهی مە تارانە
نە گەشتم گەردەن ئازایی بکەم من دڵ دجو شینە
دئاخ و ئوخ و ئەندوهان، ژیانی مە هەمی ژانە
مشەختی شیعر و هەڵبەستم، ببینە ئاخری شینە

## شین بۆ هەلەبجەی کوردستان:

سەد هەوار و ئاخ و کۆڤان، کانێ مێهر و دینو ڤین
داد دکەینو نینە فریا، کانێ ئاسمان و زەمین
گاز دکەین عالەم هەوارە، سازمانێت کەڕ و لال
وەحشییێت بەعسان براندن، سەد برینە،سەر بڕین

وەی دلێ وان ب تانك و تۆپان، هین نەبوو، سەم دانـە کـار
غـازی (خــەردەل) لمــە رەشـاندو، توبچـاڤێ خـۆ بـبین
غــاز ژ ئـاسمانان درێــژن، تــەرمو لاشــە و کــورشەنە
بـوونە مشتـا، خــەژن و مـێر، سـەد هــزاران نـازەنین
وەرنە پێش تەرمێت بەلاڤبوین، ل دەشت و کێو و شار و گوند
دەست لگــەردەن هــەڤ کــرینە، شــبتی لالەی چـرمسین
کـەس نـیە تەرمـان ڤـەشێریت، ئـاخ شـەهیدێت بـێ شـوار
هــندی مـــایژی نیڤگیـــانی، تــو سەرنجــامیان بـبین
پـەرت و بـاژێل دەربـە دەر بـوون چـەند لمستشفـان مـرن
هـند ژی ژارن نـاڤ غـەریبی دل کـوزیر کـو پـرحـە زیـن
داخـــدارم بــۆ جــوانــان کــۆر بــبم بــۆ کۆرپەیــان
چاك و پـیرو لانـدکە سـاڤای، بغـازی خـەردەل خـەندقین
ئــەو چ داخــوازە چ ئــازە، نــاڤ ســەرێ (عفلقیــان)؟
ڤـێت بـمینن ئـەو لمـەیدان، خـۆش بکـەن گـەشتو کـەنین
ژیــن و مـانا مـە چ سـوودە، پـاش حـەلەبجەی داخـەکـەم
تــاڤەکــە ئـاسمان هــژانــدو، گــارە و کــێوی ســەفین
داخـــــدارم بــــۆ حــــەلەبجەی، هیرۆشیمـــائێ دووە م
هــەر لنــاڤ مــێژووی دمــینیت، تـاکـوو رۆژا ئـاخرین
داخــــدارم بــــۆ حــەلەبجە، زاخــۆ، ئــامێدی، دهــۆك
باس نەکە سەر سنگ‌و سەر دەشتگش دزانـین چـین بـچین
هــەی هــەوار رێیــا رەڤــێژی، نــادەنێ تــورکێ مــغۆل
داکــو بــمرن ژتــێن و برسـا، سـەر سـنووران سـەنگرین
بــاز ددەن بــۆ ســەر ســنووران، وان نــیە دالدەو پەنــاە
هــەم هــەواریــان بـێجوابـە، وەك گـورێ سـەحرانشـین

چـارکنارلێ قـەتلی عـامە، ئـەڤ جهـانە دەنگ نـەکـر!!
چاڤ دگێرن نینە فریاد، ژ شـەرق و غـەرب و هـند و چـین
وار و هێلینمـان خـراپ کـر، بـاغ و راغ و شـار و دار
نـەمەل و بەستەزمـان ـ مـان، نـە شـەراب و هـنگڤین
چ بـەروۆک و بـەکـرەیینە، بەعسیـان داپـێشی خـۆ
راست و بـەرواری و نشـیڤی، حـاجی عـومران و سـەفین
کوردستـان سۆتـانە (رەشـپۆش) شـبتی دەیکـا دەربـەهی
بـۆ عـەروسی سـەربزێرو، هـەم ژبـۆ زاڤـای گـر ین
بـالە فـڕ کیمیـا ڤـرێدا، سـەر سـەرێ کـوردێ هـەژار
نـاڤبری بـاغێ بـەهەشتێ و، نـازەنینیت دل رەڤـین
کـافران دل بـۆمە سـۆت و بێجگەیی (مـصر و حجـاز)
ئـافەری و تـەبریك هنـارتن، گـۆتنە (صـدام) ئـافەرین
ترکێ مەتروك چەند بکەیفن، وەختـە بـال بگـرن ژ کـەیف
کـارێ بـە عسـانژی پـەسندکر، کـەتنە چـۆپی و هـەڵپەرین
ئـەو مـغۆلزادە چـۆیە بـەغداد، بـۆ ورەی بـۆ بەعسیـان
هەمژی نێچیریان پیرۆزکـەت، پـێکڤە (ئـارەق) فـڕ کـرین
وان بسەدان (طنیت) ژ غـازی، سـەر سـەرێ کـوردان کـرن
کـورد و گـەلدار و دیـاری، دانـەمینن سـەر زەمـین
چـەند زەمـان ئـازارمـەدیتن، کـچکەتر بسـەنگێ چیا
شاش نەبوین هەر ماین لسەر خـۆ، شـبتی قـەندیل و سـەفین
بـەند و زیـندانـان نەچەمیـاین، سـۆتن و شـەنقو قنـار
غازی خەردەل ژی مەچیژا، دەست نـەلگرت ژ ئـۆل و ڤـین
سـۆز و پەیمـان رۆژی ئـەول، دایـەدای بـاب و ولات
یان دڤێت بەعسان لناڤبەین، یـان ـ دڤـێت ئـەم کـورد نـەبین

رت لبـــابێ ســـازمانان، (هـــيئةالاســـوداحـــم)
بێگەمی ژوان نـا ژبـیر کـەین، تـا کـورۆژێ کـورد هـەیین
بـــەعس و ئـــۆزال و ئەتـــاتورک، مـــەژبیر نـــاچن چ جـار
بـــۆ هـــەمی وان دەست درێـــژان، دێ پیڤـــازی هـەلگرین.

**«هەر لزاخۆتا هەلەبجە»**

ئـــەو چ تۆفـــانە؟ چ تـافە؟ رەشـە رۆژە تـیر و تـار
ئەوچ تـاڤێژە؟ زڤـێرە؟ مـەرگێ فـرۆشێت رۆژگـار!!
ئەو چ دەردە؟ ئەوچ عەردە؟ بوو بە دۆزەخ نەو بهار!!
دێوێ مەلعوون گەل فروشان، کەفتە جەنگ و کینەدار
دوژمنێت مەخۆزی یەکبان، شەرق و غەربە و چارکنار
ئەو خودایە تاکووکەنگێ ژێر شکەنجە وپێن و پال؟!
ژێری بارێ مەرگ فرۆشان، ژێری کیمیا ئەم زوغـال
کوردکوژیبو خو رەواکربەعسی ییّتنە شیر حەلال
ئەو چزەهرە،؟ ئەو چ قەهرە؟ نـاڤبرن مـندال وکـال
خۆنەمار و مشکو مێشین، مەبکوژن نالە بار؟
وەی ژبـۆ حـالێ هـەلەبجەی، بەردوومـان کریـابسەم
دەهەزارژێ کوشت و سۆتن، خان و خیزان دێ چکەم
غازی خەردەل لێرەشاند، وان بەعسیيان بێ شەرم وگەم
سەد مخابن شارێ رەنگین، گۆری وێبن سەد (ئیرەم)
سەد مخابن گەنجو لاو چۆن هشکڤە بوون ئەو لالەزار
بەس نەبوو کورد ژێـری بـارو، ژاریو دەربـە دەری
کوردکوژی مابۆشیمیا، بسەر سـەرێ مـە وەر کـری

Dr.Saleh Ebrahimi

رو رەشێت ئەڤ قەرنێ بیستێ، ئەڤ کراسەی هەڵبری

خۆنە مووسایە، نە زەردەشت، ئەڤ قرارەی دەربـڕی

ئایا عیسا، یان محەمەد (د ـ خ) فەرموویە ئەڤرەنگ قرار؟

ئـایا قورئـانە دبـێژیت: کـورد پـەزێ کوشتـاربن؟!

ئایا وجدانـە دبـێژیت: هـەر شکـەستی و ژار بـبن؟!

حـــەقێ ئینســـانە دبـــێژیت: لازمـــە زر بـار بـبن؟!

یانێ سازمانە دبێژیت: بـێ جـەوت‌و بـی بـار بـبن؟!

بەعسێ دەڤبانە دبێژیت: ڤێت لناڤبەم کوردەوار!!!

داخـــدارم بـۆ هـەلەبجە، بـەعسی یـان وێـران کـری

ئەو عەروسێ هندی شاران، بێ تەن‌و بێ جـان کـری

ئێ کومایژی دەر بە در بوون، رەبـەنی وێـران کـری

مال و دارایی بـجێ مـان، بـەعسی یـان تـالان کـری

دل بکۆڤان کەتنە غوربەت، دل بریندااران هەزار

هەر لزاخۆتا هەلەبجە، کـوشت وکوشتـارە و نەمـان

ئاگری گەشتە سـەنەندەج، سـەد هـەوار بـۆ بـادینان

ئامودو سێرت و جزیری، گەل هەکاری‌و شەمدینـان

گورگێ هار کەفتە پەزێ مە، بـێ خـودانـە بێ‌شڤـان

کورد کوژی مابوو، بخەردەل وەک هەلەبجەی نازدار

هەبدارڤـێ نـەفتی خۆمـان، غـازی خـەردەل پـێ کـری

بۆمبی کیمیا لباتی نەورۆز، بسـەر سـەرێ مـە وەر کـری

کورد کوژی هەب نەفتێ کورد ، خۆش خەیالە: رێبەری

بـــۆمە نـەورۆز بـو بـەشین، کـال بەهـار و گـول پـەری

Dr.Saleh Ebrahimi

ئاسمان سەمدباری ژدەستی دێویٚدین و هار!!

کوردستان مـەشکەلدارە، چـی کـەسێ هـات و کـیا

راکری بۆ خـۆ نـڤیشکی، چـەندی حـەز کـردو ڤـیا
قــورمە دۆیــە کــژی نـەدا کـورد، تـابخێرا مـردیا

گــەر بــبێژین کـا نـڤیشکم، سـەر مەبـاراند کـیمیا

نیڤ سەعەت وان دەر هەلەبجە، کوشت هزاران گول بهار

بــەرهەم و خـا کمـان بیـانی، وێ دخـۆن و تـوببین

قەسر و کـاخ و بـالە خـانەی، تـو دبـینی بـێ نـەهین
نەفت و بانزینژی ژ بۆوی، هەر وەکی دەریای شـین

دەستگەیاندە عەرز و ناموس، دانە بن پێ و هەلپەرین

بەعسێ خوون مژ بەعسی کورد کوژ، ڤێت نەمینن کوردەوار

رۆژ و جەنگیز تـێنە سەرمـان، یـان ئـاتا تـورکێ غـرۆر

(قاسم و عارف) مەدیتن، جارژی شـاهێ گـۆڕ بـە گـۆڕ
هەر کی هات بەدتر ژئێدی، دانـە سـەر پـەردە و سـنور

بەعسی هات (رەحمەت لکفندز) کورد قڕانە سۆر و سۆر
زولم ژ حەد دەر کەفت و ەهایە دەستدر یژی بێ ژمار[1] شەپۆل *





١ـ ئەڤ مسرە عا ژ شێعرا خودێ لێخۆشبو نالبەندهاتییە وەرگرتن

# حه کیم مه‌وله‌وی کورد

ده‌ڵێن: هونه‌روه‌ر دو تاریخی بۆنیه، که‌ی هات‌و که‌ی له دنیا رۆیی، چونکا هونه‌روه‌ری به‌وزه، ده‌مێ دێته دنیاو بۆ هه‌میشه ناوی چاکی ده‌مێنێته‌وه لۆچی شاعیری چینی ده‌ڵێ ئێمه شاعیران له گه‌ڵ عه‌ده‌م ده‌جه‌نگین تا بهێنینه دی مشت له دیواری بێ ده‌نگی ئه‌ده‌ین تا موسیقی له به‌رسیفدا ببیسین‌و ببێین، هه‌وای بێ ئاسۆ له برێ کاغه‌زدا ده‌گوشین‌و له هه‌وای دو تپڵی دڵ، بین‌و سیلابێ هه‌ڵ ده‌رێژین، جاکه‌وابێ شیعر بزاوتنی بیرو ئه‌ندیشه‌یه، هه‌ڵچونه، شۆرو خه‌یاڵ هه‌ڵخرێنه. ماکسی گۆرکی ده‌ڵێ: هه‌ر ئاسه‌وارێکی هونه‌ری که به‌دروستی عه‌شق به ئینسان‌و له سه‌لامه‌تی نه‌فس بێته دی ئه‌گه‌ر دژی بیرو براوی ئێوه‌ش بێ خۆشه‌و بـۆ وه‌رگـرتن ده‌بـێ، هونه‌روه‌ر به هێنانه دی هونه‌ری خۆی، قانون دائه‌نێ‌و به هێزی بیری خۆی (فورم، صوره‌ت، قاڵب) دائه‌نێ. مه‌وله‌وی کورد له ته‌رکیب سازی، ته‌سویر بـه دیهێنـان، تـه‌شبیه، ئیستعـاره که‌سایه‌تی دان به ئه‌شیا، ئیهام‌و ته‌وریه به کارهێناندا، که‌م وێنه‌یه.

باڵه‌خانه‌ی چه‌م دیـوانـه کـه‌ی تـو    بانه‌ناو، وه‌ گـڵ ئـاستانه کـه‌ی تـو

تکه‌ش عاجز که‌رد خه‌یاڵت تیشدا    ئـــازیر بـۆ جـارێ پـابنیه پێشدا!

ئیعتقادات‌و ئه‌ندێشه‌ی ئیسلامی حه کیم مه‌وله‌وی مه‌عدومی (عیلمی که‌لام یا ماوراء الطبیعه) و هه‌ندێ ئاماژه به شه‌رح حاڵ‌و نوسراوه کانی

سه‌ر داری عارفان‌و خواناسان‌و مێرخاسان‌و شتزانان پێشه‌وای خوو ئاکار جوانـان پیری ده‌ستگیری شاری عیلم‌و فه‌لسه‌فه‌و که‌لام شاره‌زای ده‌ستوری حه‌قیقه‌ت‌و شه‌ریعه‌ت‌و قورئان، تشکده‌ری ئاسۆی بێ گومانی نمونه‌ی یه کتا په‌رستان‌و خوا خوازان مه‌ولانا حه کیم مه‌وله‌وی مه‌عدومی کورد (قُدِّسَ سِرُّهُ العزیز) ده‌فه‌رمێ:

بِسمِ اللّٰه الّحمنِ الرحیمِ    مَنْ تاهَ فیهِ نُهَیَةُ الحکیمِ[1]

هه‌وره که‌ی ره‌حمه‌ت روی سه‌مای که‌ره‌م

صه‌لات‌و سـه‌لام کـه‌ی کـه‌م ئـێسته کـه‌م

بـــێریێ‌و بـــرێژێ‌و بـــدا وه‌هـــه‌مدا

وه‌ســـه‌ر مـــه‌زره‌عه‌ی رۆحـــی خـاته‌مدا

---

١ - نهیه: ئه‌قڵ و ئاوه‌ز.

غەنی و تیرو پڕن. هەروا دەڵێ: ئەو هەوایانەی عۆمەراغای گۆرانی‌بێژ لە «دیادین Diaadin» بە گۆرانی جیاجیا دەی‌وت جارجار تێی دەچڕکاندو گۆرانی‌یەکانی شادو بن‌بزیو بوون، جاجاریش خاوو خەم و خەفەت هێن بوون.

لیارد لە کتێبی نینەواو کە لەوا روخاوەکانی ئەوێ‌لە بەرگی یەکەم پەڕەی ۲۹۲ لە بابەت شیعرو موسیقی کوردانی یەزت: ئێزەدی‌یەوە دەنووسێ: گۆرانی وتنی ئاوان لەسەر گۆری شێخ هادی لە لالەش پڕ شکۆو خەمیارانە بوو. من لە تەمەنی خۆمدا قەت گۆرانی‌یەکی وام نەبیستووە کە تا ئەم رادەیە شوێن‌دانەربێ و لە هەمان کاتیشدا دڵنشین و دڵگیریش بێ. دەنگی شمشاڵ و نەی بە هەوای خۆش خۆش، لەگەڵ دەنگی پیاوان و ژناندا تێکەڵاو دەبوون و هەی نێوان نێوان بە هۆی دەهۆڵ کوتان و سنج لێدان، دەنگی شمشاڵەکە دەبرا.

میلینگن Millingen لە کتێبی ژیانی کۆچەری لە نێو کوردان پەڕەی ۳۱۳-۳۱۴ باسی کۆڕێ لە مرۆڤە جەنگیە پیرو لاوەکانی هۆزی کورد دەکاو دەڵێ: لە پڕا و لە ناکاو، چەند گۆرانی‌بێژ پێکەوە دەستیان کرد بە وتنی چەند گۆرانی دڵ لاوێن و دڵنەوازی کوردی لە جۆری ئەوینداری و ئیحساساتی. کەم کەم کە هەستی ئەویندارانی شیعرو گۆرانی دەهاتە جۆش‌و خرۆش، حاڵەتی چاو، دەم‌و لێو، وەگشت ئەندامیان دەگۆڕا، زۆربەیان رواڵەتی عاشقانەو پڕ پێکەنینیان بە خۆوە دەگرت. هەندێ لەوانە دم و چاوی گرژیان لە خۆ نیشان دەدا، بەڵام خەتی ویقار و پیاوانەی، دەم و چاویان لەگەڵ لوتف و بێ‌بەند و باری و سەفایێ کە هێزی موسیقی لەو دەمەی دا دەڵیبووە نێو گیان و هەناویان، زۆر سەرنج راکێش بوو، کەچی ئەوانی دیکەیان لەگەڵ ئەوەی رواڵەتی شاعیرانەو هەندێ بە ساڵاچویان نیشان دەدا، هێمان رەنگو روی سادەو گوندنشینیان هەبوو. میلینگن هەروا دەڵێ: یەکێ لەو ئاوازو گۆرانی‌یانە، ئەوەندە شوێنی قەوی لە سەر مێشک و ئەعسابی موسیقی ناس دادەناکە تا ماوەیەکی دوور لە مێشکم دا نەدەچووە دەرێ، من خووم بەوە گرتبوو کە ئەو گۆرانیە بە لەزەتی تایبەتەوە لەبەر خۆمەوە دووپاتەی بکەمەوەو بە دەنگ بیان‌خوێنم[1].

---

۱- ۴-واسیلی نیکتین کوردو کوردستان تەرجەمەی محەمەدی قازی، پەڕەی ۳۰۱-۳۰۴، چاپی ۱۳۶۶.

□ ڕەنگ - ڕەنگ بەدیهاتویەکە، بە یارمەتی دیتن و بینین دەرک دەکرێ و دەناسرێ و دەزانرێ چیە. سەرەتای ناسیاوی مرۆڤ لە تەک ئەم نیعمەتە لە ڕێگای خۆکردو خۆرسکەوەیە. جیلوەی جادویی ڕەنگ لەگەڵ گیانی ئادەمیزاد تێکەڵاو بووەو پێکەوە دەست لە ملان بوون، لانی کەم لە سەرەتای غارو ئەشکەوتنشینی، خۆی بە دیهێنەری مرۆڤ، مژومێشک و دەسی خۆی بۆ بەگیرهێنانی سەرچاوەی ڕەنگ لە خۆرسکو سازدانی وێنە لەگەڵ ئەواندا بەکاری بردووە. برەوی ژیارو شارستانی، بەرز بوونەوەی باری کۆمەڵایەتی مرۆڤ، بە ژینگەی ناسین و ئەزمونی کردەوەی خۆی پەرەی پێدا، لەگەڵ شۆرشی پیشەو سەنعەتی بەسراو بە سەرچاوەی خۆکرد و خۆرسکەوە، سازدانی ڕەنگ کەمتر بۆتەوەو ئەمرۆکە لە بیچمێکی بە تەواوەتی دەسکردیو شیمیایی دروست دەکرێ. ئەم ڕەوشتە سازدانە لەسەر جۆرو ماهییەتی ئەوانە شوێنی داناوەو کارگەو فابریقەکان، لە خزمەت زیادکردنی ڕەنگو ڕووی بازاڕی گشت و پەسەندی ڕەنگ دەسیان داوەتە بەرهەم هێنانی هەموو جۆرە ڕەنگێ کە لە تەک ڕەنگی مەوجود لە خۆرسکەدا تەوفیری زۆر پەیدا بووە. ڕەنگگەلێ کە لە چاووراو تەبلیغ داکاریەو لەسەر هەموو جۆرە تراکت و جۆرو بەشەکانی بەرهەمی سەنعەتی جێ بۆ خۆی خۆش دەکا. فەرهەنگی گشتی بەرەی مرۆڤی بە شێوەیەکی بەخشکە غافلاندووەو بۆ کشانی غەریزی مرۆڤی بۆ ڕەنگە خۆرسکەکان تا ڕادەیەک گۆڕیوەو تێکی شکاندووە.

## ڕەنگ

بۆ باشتر ڕووناک بوونی ئەم مەبەستە، پێویستە هەندێ سەبارەت بە خودی ڕەنگ قسە بکەین، لە نێو گشت ڕەنگەکاندا سێ ڕەنگ: سوور، ئابیو زەرد،ڕەنگی ئەسڵین کە لە تێکەڵاوی ڕەنگی دیکە بە دەست دێن، بەڵام دەتوانرێ تەواوی ڕەنگەکان لە تێکەڵاوبوونی ئەو سێ ڕەنگە بە دەستبێن، لە تێکەڵاوی دووبەدووی ئەم سێ ڕەنگە ئەسڵیانە، سێ ڕەنگی وەچەی تریش: نارنجی،بنەوشەو سەوز بەم شێوە بە دی دێ،

Dr.Saleh Ebrahimi



سوور+زەرد=نارنجی، ئابی+سوور=بنەوشە، زەرد+ئابی=سەوز. هەرکام لە رەنگە ئەسڵییەکان دارای تایبەتمەندێکی روحی بە تەواوەتی لێک جیان. بۆ وێنە رەنگی سوور لە بەر توند بوونی مەوج و شەپۆلێ کە هەیەتی، گەرانی خوێن بە لەز دەکاو لێدانی دڵ دەباتە سەرێ، لەم نێوەدا بە گەیشتنی خوێنی زۆرتر بە ماهیچەکان، بەدەن بۆ ئەنجامدانی کارگەلێ کە هەڵچونی زیاد تر دەخوازێ ئامادە دەبێ، ئەم رەفتارە دەتوانێ تووشی هەڵپەرکێ یا هەر چتێکی دیکە ببێ[1].

رەنگی سوور: هەزم و سەرفی شتی خواردەمەنی لە بەدەندا بە لەز دەکا، وە دامو دەزگای هەزم بۆ جەزبی ئەنێرێ، زۆرتر دنە دەدا، سوور، رەنگی گەرما، پیاوەتی و گرژی و توندو تیژی یە.

رەنگی ئابی: توند لەری نەوەی رەنگی ئاوی (ئابی - عابی) زۆر کەمترە، لەش و لاروگیانی مرۆڤ بۆ ئارامبوون بانگ دەکا. هەڵچون و کەف و کوڵ کەم دەکاتەوە، ئابی رەنگی بێ بزوتن وساردە. رەنگی ئاوی سەرماو ئارامبوون دەگەیینێ و دارای گیانێکی ژنانە یە.

رەنگی زەرد: کە لە هەردوو رەنگی: (سور و ئابی) توندترە، ئاژاوەچی، وە پرزنازنایە، لە دوورەوە لە هەر رەنگی دیکە خۆی دەنوێنێ، توندو تیژی لە زاتی دایە، برندەو برەکو تیژە، رەنگێکە وشک و گەرم، لە تێکەڵاوی لەگەڵ رەنگی سوور گەرمترین رەنگی عالەم یانی رەنگی نارنجی بەدی دێنێ. کاتێ لەگەڵ ئابی تێکەڵاو بێ سەوزەو هەروەک تێکەڵاو بوونی خاک و ئاو ژیانهێنەرە.

بێجگە لەم سێ رەنگە ئەسڵی و سێ رەنگی وەچە لە تێکەڵاوی باقی رەنگەکانی مەوجود لە خۆرسکدا، هەر سێ رەنگی ئەسڵی بە تەناسوبی جیاجیا بەشداری یان

---

١- ٥- هەڵپەرکێ چەن جۆرن: چەپی، سێ پێیی، فەتاح پاشایی، شێخانی، راستەی مەریوانی، هەوشاری، شکاکی، راوچی، رەگبار، تەک تیر، گورپ، قرەپیرەژن، پشت پا، خانەمیری، داغە، زەنگی، حەریرە، لەبنان، شەرانی، شورور، سێ کەسە، تەنزەرە، تیرنگی، قلیچک، قازقاز، بیربیری، رۆمانی، میرزەیی، کۆچەری، هۆنارێ، گەریان، لاچی، هەڵگرتن - نەقل لە پرۆفسور کەرەمی سەیاد، بەرپرسی دەنگی «رادیو»ی کوردی ئەرمەنستان کە لە هاوینی ١٣٧٥ لەگەڵ سەیید جەلال نیزامی کۆرانە لە تاران میوانم بوون - پەرەی ٨٣ی بافندەی کرد، نقاش ذهن خویش - چاپی ١٣٧٦. (شەپۆل)

هەیە. هەر کاتێ لە تێکەلاوی یەکدا رەنگی زەرد زۆر بێ، وجودی دوو رەنگی ئەسڵی دیکە کەم رەنگتر و کەمتر دیارە. جاری وا هەیە لە تێکەلاوی یەکدا، رەنگی سوور زۆرەو زەمانێک سەوز یا وەنەوشە یا ئابی زۆربەن. لە هەندێ تێکەلاویدا، هەر سێ رەنگی ئەسڵی بە یەک ئەندازە شوێنیان هەیە. هەر جۆر بێ گشت ئەم تێکەلاوی رەنگانە خۆڵەمێش رەنگیان ناوە. لە زاتی رەنگەکانی دوو تێکەلاوی (وەچە) تایبەتمەندی روحی دوو رەنگی ئەسڵی بەشدارن، کەچی رەنگ خۆڵەمێشیەکان داگری تایبەتمەندی روح و گیانی هەر سێ رەنگن. تەنانەت با وجودی بۆکشانی توندی ئەم جۆرە رەنگانە بۆ لای یەکێ لە رەنگە ئەسڵی یەکان، سیفەتی دوورەنگی ئەسڵی دیکە لە زاتی ئەواندا هەرچەند کەم رەنگتر، بەلام زەق دیارە. لەو شوێنەوە کە سێ رەنگی ئەسڵی لە واقیعدا سێ عونسوری ئەسڵی تەواوی دنیای رەنگن، وە لە راستیدا بە واتای گشتی رەنگی جیهانن، هەر خۆڵەمێشی رەنگێ یانی گشت دنیای رەنگ.

تەماشاکردن و روانین بۆ ئەم رەنگانە، هەروەک روانینێکی لێو بە بزەیە کە لەولای ئەوەوە غەم و خەفەت، ئەوین،٠رق و قین، وە زۆر شتانی روحی دیکە دەبینرێ. ئەم رەنگانە قول و قایم و پتەوترن، ژمارەیان لە خۆرسکدا بێ ئەژمارە، بەلام بە دستهێنانیان و کەڵک وەرگرتن لەوانە نیازی بە وردبوونەوەو ئەزمونی زیاتر هەیە.

خۆرسکی رەنگینی کە بەرەی مرۆڤ ئەویندارییەتی و بۆ هەمیشەش سەرچاوەی ئیلهامی گشت وێنە هەڵگران «وێنەگران» باقی دەمێنێتەوە، لێواو لێوە «لیپاو لیپە» لەم خۆڵەمێشی رەنگانە، عەشق بە کەڵک وەرگرتن لە رەنگی خۆرسکی دا لە تەونْ و جولایی و کری کوردی دا لەبەر ئەوەیە کە کورد هەمیشە لە نێو ئەوەدا بووەو هەمیشە لە لایی دیکەوە بە کەڵک وەرگرتن لە کولاندنی گیا و باقی شتی خۆرسکی، ئەو جۆرە رەنگانەی لە نێو نەتەوەی کورد دابەدی هێناوە.

ژیانی نەتەوەی کورد لە سەرەتاوە تا ئێستا بۆتە هۆ کە لە نێو خۆرسک و خۆکردا بمێنێتەوەو نۆبەرەی خاک و سەوزەو چیمەنْ و دیمەنْ و بەفر لە بەرەبەیانی هەر کژو فەسیڵدا بچەژێ. زارۆکی کورد لە نێو چیاو چڕ و بەردو زەرد و گیاو گول و کیف و ئاوو تافگەی ئاو لە دایک ببێ، وە هەمیشە چاوی بە گوڵاڵەی رەنگین و دنیای گوڵ گوڵین و

ڕەنگاو ڕەنگی کوێستانە دیمەن جوان و ڕەنگینەکان بکەوێ و بیان‌بینێ. کولۆ و فەریکەی گەنم و جۆ بکاتە سەرینیو بخەوێ و دڵ لێدانی ڕەنگی خەودیتن، خوێنی پاک و بێخەوشی خۆشویستن لە ڕەگ و شادەمارەکانیدا بکەوێتە گەڕ، لە سەرچاوەی کانیە ساردو تەزی‌یەکان لە کوێستانە ڕەنگینەکان تینویەتی خۆی بشکێنێ، ئەوگشتە دەر و دەشتە پان و بەرین و نەخشینە، ئەو خاکە ڕەنگینە بەوگشتە چیا بەرزو تەرزو گەردن گەشانەوە بە لان و خان و مام و ئاپوی خۆی بزانێ، ڕەنگیش هەر وەک هەوا لە نیزیک ئەودا خۆ نیشان بداو مەوج و شەپۆل بداو بە هەر نەفەس کێشانێک بچێتە نێو قولایی هەست و عاتیفەیەوەو بە بۆنی گوڵە بێن‌خۆشەکان ڕۆحی شاد بێ و لە خۆشیان شاگەشکە بکا.

ئوگربوونی کورد بە خۆرسک و جوانی لە سۆنگەی عەشق و ئەوین بە دایکەوەیە. ڕەنگی جۆراوجۆری تەون و کرو جولایی کوردی لە ویقارو جۆربەجۆر و هاوڕەنگی و هاودەنگی ڕەنگە خۆرسکەکان هەوینی گرتووە. کر-ی کورد ئاوێنەی بالانوێنی ڕەنگ‌دانەوەی ڕەنگینی خاکی ڕەنگاو ڕەنگی کوردستانە، ئەشقو ئەوین بەو ئاخ و خاکە، وە جیلوەی جوان و ڕازاوە، دڵڕفێنەکانی بە تارو پۆو ڕایەڵەکانی ئەو نیشتمانە بەرەکەت و مایەی پێ بەخشیوە. دیارە ئەو هەمووە درەخششە نەبۆتە هۆی ڕوح و گیانی فریو و بەرهەم بۆ بازرگانی، هەرچەندە تەنراو، چینراو، کرو تەونی کورد بۆ خاڵی کردنی کەف و کوڵی دڵ و دەرون بە وێنەی لە خۆوە ڕەنگی دژ بە یەکی لە باڵ یەکتر داناوە، بەڵام ئەوە بە یەکپارچەبوونی فەزای کرو تەونەکە زیانی نەبووە، وە نیزام و تەکوزی هاودەنگ و پێکەوە سازیان، ئاقاری گەرمو پڕ ئیلتیهابی کرو تەونەکەی لە سنوردا نەی‌هێشتووە لە بەریەک بترازێن، هەروەک خۆرسک کە یەکیەتی سەرچاوەی نووری ئەم بەدیهاتووە، بەدی‌دێنێ، نیشانەی یەک قانونمەندی قەبوڵ کراوە، لە سیماو پێشانی گشت ڕەنگەکان قابیلی دیتنە.

لە لایێ دیکەوە، پەسنی خۆرسک و عەشق بەوە، خۆرسک بۆکشان نەبۆتە هۆ لە بۆ بە دیهێنانی پیشەی دەستی. بەراوەژو، شوێن دانانی ئیلهامی خۆرسکی لە کرو تەونەکان داگەیشتونەتە شکڵ و بیچمێ واکە لە هەر ئاسەوارێکدا زۆرتر لە هەر شتێ


Dr.Saleh Ebrahimi



مایەی ئینسانی قابیلی دیتنە.

لێرەدا مرۆڤ خۆی خۆرسکێکە کە دوو ژێر کوزیلکەی هەیە، یەکێ لەوانە ژینگەی ئەوە، کریا تەون و نەخش و نیگار (تەبیعەتی دووەمی و ئافەریدەی بیرو مێشک و هەستی بەرەی مرویە) یەکێ لە ژێر کوزیلکە ئەوە، بەگشتی و بە تێکڕایی ئینسان عاشق و ئەویندارە، خۆرسک مەعشوقەیەتی، کرو تەون و نەخش و نیگار سێبەری ئەوینی هەمیشەیی ئەو دووانەیە - (شەپۆل).

تەرجەمەو نەقڵ لە کتێبی «بافندەی کرد»و «نقاش ذهن خویش»، چاپی ساڵی ۱۳۷۶، پەڕەی ۳۲ تا ۲۷ نووسراوی مەسعودی رەحیمی - تاران ۱۳۷۶/۹/۱۲ و ۳ دیسامبر-ی ۱۹۹۷ی زایینی (شەپۆل).



طاق گرا

طاق گرا ـ گردنه پاطاق

طاق هلالی منفردی است که بصورت مستطیل شکل حجاری شده است. برخی طاق گرا را علامت سرحدی ایالت ماد از ایالت اشکانیان می دانند.

سایر غارها:

۱ ـ غار قوری قلعه: که طولانی ترین غار ایران است بر بالای کوه قلعه گور واقع، در ۲۷ کیلومتری شهرستان پاوه در منطقه روستای قوری قلعه می باشد.

۲ ـ غار جوجار: واقع در کوه پراو

۳ ـ غار عسل: در دیواره کوه بیستون.

٤ ـ غار کاوات: واقع در شمال روستای شبانکاره جوانرود.

۵ ـ غار کبوتر: روستای میانراهان.

٦ ـ غار مردوزان و غار مرخرل و غار انار: در روستای سنقر آباد بیستون.

۷ ـ غار حاجی: در روستای کله‌جوب دینور.

۸ ـ غار سیدشهاب: در دهستان میانراهان.

۹ ـ غار طویله سوراخ: در روستای بیلوار قله شاخانی.

۱۰ ـ غار کنشت: در روستای کنشت.

۱۱ ـ غار آواز: در ۲ کیلومتری جاده سنقر به کرمانشاه روستای چشمه سهراب.

خۆی ئەودەنگ خۆشی وگۆرانی چرینانە فێربووە، باوکی شارام لەگەڵ (شێخ حوسین داودی) پێکەوە بونو لە هونەرو دەنگو ئاوازی خۆشی ئەوکەڵکی وەرگرتووە و شارامیش هەرلە مێرمنداڵیەوە فێری گۆرانی وتن بووەو لە باوکی خۆی فێری ئەو هونەرە بووە، دایکی شارامیش کە لە بنە ماڵەی قەدیمی دەورکرماشانە گۆرانی و موسیقی کوردی فولکولوریکێی کوردی باش دەزانی و بەر لەوە شارام بچێتە فێرگە دایکی ئاوازی کوردی بۆ وتووە تافێری بکاو ئەمیش جوان فێری بووە، ئێستایش لەگۆرانی وتندا، دایکی بە شارام یارمەتی ئەدا تارەسەن ترگۆرانی کوردی بێژێ. لەراستیدا دایک و باوکی مامۆستای شارامن، شارام کە لە کرماشان پەروەردە بوگە خۆی بە هونەرو موسیقی و ئەدەبو فەرهەنگی کوردەواری گرتووەو جارجاریش شیعرو هۆنەی و تووە و هەروا لای بێزاد (بیهزاد) کرماشانی ئەدەب و موسیقی فێربووە، بەلام شارام ماوە یەکی زۆرە کرماشانی بە جێ هێشتووە و لە تاران نیشتە جێیە وکورێ ١٠ ساڵانەی بە ناوی (حافظ) هەیە کە ئەمیش دەنگی خۆشەوگۆرانی دەڵێ، شارام لە تارانیش لە هونەرستانی موسیقی نیشتمانی، لای مەحمود کەریمی شێوەی بونیادی، رەدیف،ئاوازو موسیقی سونەتی فێر بووە و لە ئامۆزشگەی (صەبا) شێوەی ئازاد،لە عەبدوڵلاخانی فێر بووە. هەروا لە دەرسە کانی (نور عەلی برومەند) کەڵکێ زۆری وەرگرتووە، بەتایبەت کە نەوارێکی شارام لە دەسگای (ماهور)دا، دەکە وێتە بەرگۆێ (برومەند) دەفەرمێ ئەم دەنگە دەنگی کە سێکە لەخۆمانە، ئەبێ ببینم، شارامیش لەکرماشان دەچێتە خزمەت (برومەند) بە تایبەت شارام شێوەی تەحریر،ئانالیز (یشی یەو) چ لە باری ریازیات، جەبر، تەحریر و ئەدەواتی تەحریری ئانالیزی (یشی‌یەو) لە باری شێوەی هەندەسی،کە دڵبەر وگیراو سود دەربووە، جوان لە (برومەند) فێربووەو هەرلە تاران (سێتار) کە شارام زۆری پێخۆشە لە ئەحمەد عیبادی فێر بووە و شارام هەرلە منداڵیە وەلە تەک ساز و ئاوازی موسیقای وەک (تەمور، سەنتور، تار، سێتار، دەف، دمەک) ناسیاو بوگەوگۆیا ئەو جۆرە سازانە هەمویانی هەیە، بەلام شارام لە نێوگشتیان سێتار بە باشترینیان دەزانێ،بۆئەوگۆرانی چرە کە هەم خۆی ئاواز بخوێنێ و هەم خۆی سێتارە کەڵێ بدا، شارام هەرکەس شتێکی تازەی زانیبێ زو چوتە لای فێری بووەو شارام دەڵێ: بۆ ماوەی بیست ساڵی رەبەقە بە وێنەی‌رە سمی و باو لەتەک دەنگ و وێنە یانی رادیو

Dr.Saleh Ebrahimi



تلویزین (دەنگ و رەنگ) کاردەکەم، بەلأم ئێستا خۆشم نایێ لە جێگای عومومی‌داکار یاهاو کاری بکەم، بۆیێ لە جێگای گشتی خۆم نیشان نادەم،لە سەرە تایشەوە دۆست و برادەر وتیان: حەیفە ئەم دەنگە خۆشەی تۆگشت خەڵک ئێران نەی بیسن، ئەوە بومنیش چومە سەردەنگ‌و رەنگ و نەوارەکەم کەوتە بەرگۆی (برومەند) و چارە نوس منی هێنایە سەر ئەم رێبازە، شارام دەڵێ: هەمو دەزانن (نور عەلی برومەند) گەورەترینی ئوستادی موسیقی ئێرانە و منیش لە سۆنگەی لوتفی برومەندەوە هەژدە ساڵە کاری جیدی‌و لەتەک کۆڕی موسیقای (شەیدا) کار دەکەم، شیعری ئاهەنگەکەی شارام تەزمینێکە لە هی شیخ بەهایی و شیعرەکەیش هی خەیاڵەی بوخارایی یەکە بەم ناوەیە:

«تاکی بە تمنای وصال تو یگانه...) و چەن بە تێکیشی لە مەسنەوی مەولانا جەلالەدین بەڵخی یەوسەر پەرستی ئەوکۆڕە (محەمەد رەزای لوتفی) بووە، شارام دەڵێ ئاخرین کارمیانی (آتش در نیستان) ئەگەر لەگەڵ ئەوڵین ئاوازێداکە لە سەر دەنگ‌و رەنگ خوێندویەتی بەراوردی بکەن لێک جیاناکرێتە وە و زۆر لەیەکتردەچن، شارام دەڵی هەندێ کەس دوای شۆرش خۆیان گۆرێوە، بەلأم من نەم توانیوە خۆم بگۆرم. شارام لە ساڵی ۱۳۶۳دا ئاوازێکی بە ناوی (گوڵی سەدبەرگ) وەختێ باش بووە، بۆیێ وا دەنگی داوەتەوەو جێگای خۆی لە دڵ ودەرونی خەڵکابۆ خۆی خۆشکردوەو شیعرەکانیشی خۆم هەڵم بژاردوە، دیارە وەخت بایەخی زۆرە و هونەروەر ئەبێ وەخت ناس بێ، کارێک ئەگەر لە وەختی خۆیدا ئەنجام نەدرێ وەک تیرێکە، بەبێ هەدەف رەها بێ. شارام لای وایە هونەروەر ئەبێ پابەند بەئەدەب و ئەخلاقی باش بێ،تاخەڵک شتی باشی لێ فێربن، شارام هونەر بۆ هونەری قەبوڵ نییە کە ئوروپایی قاییلن. شارام دەڵێ گەورە زانایانی وەک توڵستوی و پیاوە ئایینیەکانی دنیا هونەروەر بە پێغەمبەرێک ناودەبەن کە ئەرک و ئە سپاردەیی قورس لە بان شانیەتی ئەبێ لە رێگای هونەرەوە خەڵک فێری خوی مرۆڤانی و خوو ئاکارو رەفتاری چاک و ئینسانی و خودایی بکات و ئەبێ و شیار بین ئاهەنگ‌و ئاوازی رەسەنی خۆماڵی بەخەڵک فێر بکەین تا فێری ئاوازی نارەسەن و نامۆ و ناشیاوی بێگانە نەبین، شارام دەڵێ: بە داخەوە زۆر هونەروەرمان بووە، تەنانەت لەکوردەکانیش چونەتەکابارەو چارە رەش بون، بەلأم من هەرگیز

Dr.Saleh Ebrahimi



پام نه ناوه ته ئەو جۆرەجێگایانە. جا هەر لەم سۆنگەوە دوژمنم بۆ پەیا بووە و منیش و تومە هونەروەر نابێ بڕواتە ئەو جۆرە شوێنانەو ئابڕوی هونەرەکەی ببا، **کورددارای مـوسیقی سونـنه تێکی زۆر رەسـەن و بـاشەو لە هـیچ شـوێنێکی دنیـا وێـنەی گیرنـایێ و** نابینرێ‌ونایش بیسرێ،ئیترمن ناتوانم بچمە ئەو جۆرە جێگایانەو ئابڕوی هونەرەکە بەرم، هەندێ کەس هەن بە داخەوە بەستەو ملودی کوردی بە فارسی دە خوێنێ هەر ئەمە ئەبێتە هۆی بەرزی کاسێتەکەیان. بەڵام وتنی شیعری فارسی بۆ موسیقی و ئاوازی کوردی، هونەرەکە دەئاڵۆزێنێ و خراوی دەکا. شارام دەڵێ من کە لە زاروکیەوە ئاوازە کـوردیەکـان لە داڵکـم فـێر بـوم کارواناکەم. لەکرماشان زۆر کەس هەن خزمەتیان بە زوان و هونەرو ئەدەبی کورد کردوە، بۆوێنە: بەڕێز (موسەنن) لە بابەت موسیقی و ملودی کوردی زۆرشتی کۆکردۆتەوە، هونەروەر ئەبێ لەو شتە خۆماڵیانە کەڵک‌وە ربگرێ‌و تازەی بکاتەوە، نەک تێکەڵ پێ گـەڵی بکـات‌و موسیقی یە رەسەنەکەش لە نیو بەرێ کە بە شیعری ناکوردی بیخوێنێ. شارام دەڵێ:منیش ئەو ملودی و ئاوازانەی لە بابەت موسیقی کوردی یەوەیە کـۆم کـردۆتەوە و خـەریکم بـیکەمە کیتاوێک، من ئەتوانم ئاوازی (ئەبو عەتا) بخوێنم بەڵام ئەگەر لە سەر سوننەتی ئـاهەنگی کوردی بی‌خوێنم خراو دەبێ. ئێمە ئەبێ موسیقی رەسەنی کوردی بـە خـەڵک‌وە بەدنیـای بناسێنین، جارێکیان لە ئوسا حەسەن کیسایی ئەژ نەفتم وتی: هەرکەس لەکوردستانەوە هاتۆتە تاران‌و گۆرانی کوردی خوێندوە، کوردی کەی خراو کردوە، شـارام دەڵـێ:مـن لە شـیعری حەیران عەلی شای سەحنەیی بۆ گۆرانیە کوردی یەکان کەڵک وەردەگرم، کە بەراستی ئەم موسیقایە، تەنیا موسیقی کوردی پەتی نیە بەڵکو موسیقی عیرفانی کوردی‌یەو موسیقی کوردی کیتاو خانەیەکەسەر بە خۆیە، جاهەر بۆیێ دە مەوێ لە بابەت موسیقی کوردی چەن کاری سەر بە خۆ ئەنجام بدەم و پێشکەش بە نەتەوەی کوردی بکەم، فەرهەنگی کوردی فـەرهەنگێکی رەنگین و نەخشینە: بەڵام تەواوی ئاهەنگ‌و موسیقی‌و هەڵپەرکیێ کوردی لە ریشەدا یەکێکە وجیالە یەک نین. هەر چەن ئەتوانم بێژم دەستێک بوجیاکردنەوەیان لەکاردایە و لەکاردابووە، بەڵام ئەوە گرینگ نییە ئەوەی کوردە خۆی باش دەزانێ هەمویەکن. شـارام دەڵـێ جـۆرێ موسیقی لە نێو ئاوایەکاندا باوە کە بە جوزەلە (دوزەلە) زۆرنا، نەرمەنەی، شمشاڵ و دەهـوڵ

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەنجام ئەدریێ. بەڵام لە شارەکان بە (تار، سەنتور، کەمانجە، دمەک و... ئەنجام ئەدریێ، بە لاّم موسیقی (تەمورە) زۆر کۆنەومن خۆشم لییێ دیێ، خەڵك ولاّت (دالاّهو و گۆران) چەواشەی (بەرعەکس) فەرهەنگ موسیقی ئێران، مەرهەنگێک تایبەت بە خۆیان هەیە، حاکمەکان لە ئێراندا نەیان زانیوە بایەخ بە موسیقی بدەن، هەر ئەونە بووە بۆیان نۆڕیوە، تەنانەت ناوەندی ئاینیش بایەخیێ شیاویان بە موسیقی نەداوەو بەسەدان ساڵە موسیقی زیندانی کریاوە. بەلاّم لە کوردەواریدا موسیقی بە شیێ لە ژیانی خەڵك پێکدێنیێ وەك نانەو ئاوە بۆخەڵکی کورد. لە شارەکان لە ئێراندا ئەڵین: موسیقی حەرامە[1].

بەلاّم لە نیۆکوردی دالاّ هو و گۆران موسیقی هۆیە کە بۆ عیبادەت کردن و موسیقی بە شێکەلە ژیانی کورد. دیارە لە شارەکاندا لە ئێرانداکە موسیقی بۆ شۆرو هەر لپەرکێی دەرباریان بووە، بەلاّم لە کوردەواریدا هۆی عیبادەتە. نەتەوەی کورد بۆسازی (تەمورە) بایەخیێ زۆری لە بەرچاوگرتوە و ئەمەیش جێگای شانازی یە بۆکورد. موسیقی تەمورە موسیقی یەکی مەقامی یە و بۆپاكو خاوێن کردنەوەی دڵ و دەرونەو جۆریێ عیبادەتە، بۆیی کوردوا ڕێزیلیێ دەگریێو لە بەرا دەس وپەلی خۆی دەشواوئەوسا کورد بە تایبەت لە دالاّ هوولە نێو کوردانی گۆراندا دەس بۆ (تەمورە) دەبەن و ماچی دەکەن: شارام دەڵیێ: خۆم کە کوردی کرماشانم دەزانم هونەروەری گەورە و موسیقی زانی کرماشانی زۆرمان هە بووە و هەیە، عەلی ئەلبوزی کە ٥٠ ساڵ بەرلە ساڵی ١٣٧٣ نێوی موسیقی کوردی کرشانی سەربەرز کردوە، هەرچەند موسیقی کرماشانی خەریکە لە نێوموسیقی کرمانجی (سۆرانی) بتۆیتەوەوگۆرانی بێژانی کرماشانی ناچارن لە شیعری زاراوەی سۆرانیو لە ئاهەنگیمایەی (ماهور، شور، شوشتەری و...) کەڵك وەربگرن. لە کرماشان کە سانیێ وەك (شیخ حوسەین داودی، بنە ماڵەی دەروێش حەسەن خەراباتی، نیعمەت عەلی خەراباتی) بوون و هەن کە مایەی شانازی موسیقی کوردی کرماشانین. خۆم لە فۆرمی تەحریرێ فیگورەکاندا لەوەختی گۆرانی چڕیندا لە رەگەی هۆرەی

---

[1] - ئیمام محەمەد غەزالی موسیقی بەمەباح دەزانیێ و شەرع لای حەرام نییە تەنانەت موسیقی دەرمانی دەردو نەخۆشی و ناخۆشیە، جاهەربۆیی قورئان بەدەنگی خۆش دە خوێندریێ و بانگدان ومەولودنامە و میعراجنامە بە دەنگی دەنگ خۆشان دەخوێندریێ (شە پۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi

۳۰۰ ـ شه پۆل

کوردی که هی کوردی خۆمانه و هۆره ۱۹ مه‌قامی هه‌یه که‌ڵکوه‌رده‌گرم، هۆره به‌ر له‌ئیسلام هه‌بووه، شارام ده‌ڵێ: ئاوازیله که من ده‌یخوێنم فه‌رهه‌نگ، فیگور، حه‌ماسه، ئاکسان، رۆحه که‌ی له فه‌رهه‌نگی کوردی یه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێ و خۆ ئه‌داته پاڵ موسیقی سوننه‌تی کوردی، هه‌روه‌ک وتم زۆربه‌ی ئاهه‌نگه‌کانی (شه‌یداو عارف) له موسیقی کوردی وه‌رگیراون، چونکا موسیقی کوردی دڕس نه‌خواردوه‌وبێگانه‌یش‌نه‌ی توانیوه بیگۆڕێ، ره‌سه‌ن تره. ده‌ڵێن: ده‌نگ و ئاوازوگۆرانی چڕینی (حافز) کوری شارام که ۱۰ ساڵانه یه‌،که‌وته به‌رگوێ نیعمه‌ت عه‌لی خه‌راباتی) وتی: له حافزگه ڕێ با برواکارێ دیکه بێجگه له ئاواز خوێندن فێربێ، هه‌رچه‌ند ده‌نگی زۆر خۆشه.[1]

شارام ده‌ڵێ: خه‌ڵک له هێندوستان زۆر تر بایه‌خ به هونه‌ر ئه‌ده‌ن، له‌گه‌ڵ سێ‌تار ژه‌نێکدا بومه‌نا سیاو تکام لێ‌کرد سێتارێکم بۆ لێ بدا وتی: ئێستا ناتوانم به‌ڵام بۆت لێده‌ده‌م، ئێواره‌یه‌ک له ساعه‌ت ۸ی شه‌و بانگی کردم بچمه ماڵیان تا سێتارم بۆلێبدا، پێیان وتم له سه‌عات یانزه‌ی شه‌وه کیه‌وه خه‌ریکی مه‌شق‌و ته‌مرینه، به‌ڵێ هونه‌روه‌ر ئه‌بێ واکاربکا، جاکاتێ سێتاری لێده‌دا هه‌مومان له سێ تار لێدانی ئه‌و سه‌رمان سوڕما، به‌راستی ئه‌بێ وای لێبده‌ی تاخه‌ڵک له‌زه‌تی لێ ببات، شارام له نێو موسیقی کوردیدا هه‌روه‌ک خوی رای گه‌یاندوه ده‌نگی سه‌ی عه‌لی ئه‌سکه‌ری له‌هه‌مو که‌س پێ خۆشتره‌و له سه‌ی حوسین داودی و (ته‌موره) لێدانی میرزاعه‌لی که فاشیان خه‌ڵکی کرند تاریفی ده‌کرد، ده‌ڵێ: ئه‌گه‌ر هونه‌روه‌رانی ئێمه له بابه‌ت (دوزه‌له، نه‌رمه‌نه‌ی، ده‌هۆڵ و زورنا، له‌کۆڕی جیهانیدا به‌شداری بکه‌ن بێ شک سه‌رده‌که‌ون. شارام ده‌ڵێ له‌گۆرانیه‌کانمدا له ئه‌شعاری وه‌فایی، **مه‌وله‌وی سه‌ی یاقوو سه‌ی ساڵح ماهی ده‌شتی که‌ڵک وه‌رده‌گرم و له کوردی خوێندنه‌وه‌ی خوی رازی‌یه**، لای وایه ته‌نیا ده‌نگ و ئاوازی خۆش بۆ هونه‌روه‌ربه‌س نییه، ئه‌بێ موتالاّ بکات‌و زیاتر شت فێربێ، شارام وه‌ک خوی ده‌ڵێ خۆشی له‌گۆرانی شین و خه‌مگین نایێ، گۆرانی

---

۱ ـ ئه مه‌نیشای ئه‌وه‌یه که هونه‌روه‌ڕانمان رازی نین و خه‌ڵک قه‌دری هونه‌ر نازانێ‌که چی نه‌ته‌وه‌یه‌ک هونه‌ر و هونه‌رمه‌ندی نه‌بێ‌وه‌ک هیچی نه بێ وایه، هونه‌ر نانه، ئاوه، ژیانه، هونه‌ر مه‌خلوقی خوایه، دینه، ئاینه، بێکه‌س خۆم بێکه‌س وه‌ته‌نمه، دینمه (شه پۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



شادی پێ خۆشە، لە ئێراندا بەسەدان ساڵە فەرهەنگێک باوە کە دەڵێ (چە شود بە چهرهٔ زردمن نظری برای خداکنی - کە اگر کنی همە دردمن بە یکی نظارە دواکنی) شارام ئەو فەرهەنگە پەسەند ناکا.

فەرهەنگی مەولەوی پە سەند دەکا کە دەڵێ: (مرا عاشق چنان باید کە هر بـادی کـە برخیزد - قیامتهای هر آتش زهر سویی برانگیزد). ئەمە خۆشە، کەلەم فەرهەنگە هەمخەم، هەم عیشق، هەم حەماسی، وە فرەشتی تر دەنگ دەداتەوە، من دە کۆشم لە ئاوازەکانمدا فەرهەنگی کوردی بگونجێنم چونکا، موسیقی کوردی کەم و کوری تیدانیە ولە ئەوەڵەوە تائاخرەکەی هەموحەماسییە. هەندێ کە لەدەرەوەی ولاَت گەراونەتەوە گەیشتونەتە هەندێ ریزە کـاری و نازک خەیاڵیێ وەلایانوایە ئەبێ موسیقی سونەتی بگۆڕن و ئەوانـەی خۆشیـان لە مـوسیقی سوننەتی دێ، پیێ لە سەر ئەمە دائەگرن، بەلاَم هەر دو لە هەڵەدان: هەروەک عومەرخەیام دەڵێ: (قومی متحیرنند در مذهبُ دین - قومی متفکرند در شک و یقین - ناگاە منادی درآید زکمین - کە ای بیخبران راە نە آنست و نە این) ئەبێ زۆرتر بیربکەینەوەو موسیقی کوردیو ئێرانی کە بە سەدان ساڵە بێ خاوەنە، دانیشین چارەی بکەین، ئێستابە داخەوەلە نێوگەنجـاندا مـوسیقی غەرەب رەواجی زۆرترە. ئەبێ ئەمەچار بکرێ. ئەم قسانە نیشانەی بیری وردو تیژوژیرانەو جوانی شارامە و دیارە لە جم و جۆلدایەو ناوەستێ، شارام نارزی دەڵێ: بە باوەڕم هونەرمەن کەسێگە کە وەسەر وەخت خوەی هەرکارێگ ئەنجام بییەید. چون کە وەخت ئەرزشی فرەس. وە کارێگ ک وە وەخت ئەنجامی نیەید، مینیدە تێرویل وبی هەدەف.

کەم مایە بوِن ئیمە لەوەسە کە موسیقیەگەمان ئاسمانیە، وەلی خوەمان بۆچگیم! ئیمەیای نە گردیمە وە گەرد موسقیەو پەروەرش پیابکەیم و گەورا بومن، یای نـە گـردیمە وە گـەرد موسقیەو هۆر بکەیم.[1]

---

۱ - ئەمە و تووێژێک بووە کە بەرێز کاک عەلی فەیلی بەرێوە بەری نوسینی کۆواری ئاوێنە لە تەک شەهرام نازریدا بەزاراوەی کرماشانی ئەنجامی داوە و لە ژمارەی ۱۳ چاپی ۱۳۷۲ - ولە پەرەی ٦ تا ۱۳ی ئاوێنە بلاَو کراوەتە وە و منیش کەڵکم لێوە رگر تووە، خواهە مومان بۆخزمەت کردن بەزمان و فەرهەنگ و ئەدەب و عیلم و زانین و هونەری کوردەواری سەربخات (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



## عوسمان کێمنه‌یی

**عوسمان کێمنه‌یی گۆرانی بێژی ئازیز و ناوداری کورد** ـ هونه‌روه‌رانی کورد هه‌میشه به درێژایی مێژوی کورد و کوردستان نه‌خشێ زۆرگرینگیان بۆ پاراستن و به‌رز کردنه‌وه‌ی فه‌رهه‌نگی نێو کورده‌واری گرتۆته به‌ر، له‌و نێوه‌دا هونه‌ر مه‌ندانی به‌شی هه‌ورامان که له هۆره که‌ڵکیان وه‌رگرتووه‌و ئه‌وه‌ش ئاهه‌نگێکی کۆنی کورده و ده گه‌ڕێته‌وه بو سه‌رده‌می به‌ر له داهاتنی ئیسلام، سه‌رجه‌له‌ی پاراستنی ئه‌و فه‌رهه‌نگه‌ن، کاك عوسمان هه‌ورامانی له ساڵی **۱۳۱۵**ی هه تاوی له گوندی کێمنه‌ی سه‌ر به هه‌ورامان له دایك بووه‌و له پاشان له گه‌ڵ باوکی‌و دایکیدا چۆته ئاوایی (نارنجله)ی هه‌ورامانی ئه‌ودیو و ژنیشی له ئاوایی (گه‌چێنه)ی سه‌ر به‌هه‌ورامانی به‌شی گه‌رمێن هێناوه‌و ناوی (به‌هێ) خانمه‌و کچی حه‌مه‌ی محیدین، مه‌حێ دینی حاجی حه سه‌نه له گه‌چێنه‌ی باخه کۆن وله هۆزی حاجی سوره‌ن و کاتێ گه‌راوه‌ته‌وه به‌شی ئه‌م دیو له ترسی زوڵمی پیاوه کانی شاگه‌راوه‌ته‌وه بۆئه‌و دیوو له **۱۳۴۸** له‌دار ته کاندنی گۆیز ده که‌وێته‌خوارێ و قاچێکی ده‌شکێ که شیخ محه‌مه‌د سادق هه‌ورامانی بۆیی هه‌ڵده به‌ستێ‌و چاکی ده کاته‌وه، زۆریش ده‌س ته‌نگ بون‌و سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ش صه‌دام زۆری بۆهێناون تا ئاوایه که چۆڵ بکه‌ن و بچینه ئوردوگا، به‌لاّم چونه‌ته (هه‌ڵه بجه) که به داخه‌وه‌له ساڵی **۱۳۶۹** دا سه‌دام به گازی شیمیایی هه‌ڵه بجه‌ی ئاگرداو (له ۱٦ و ۱۷ و ۱۸ / ۳ / ۱۹۸۸ی)زاینی که کورده‌واری و شاری هه‌ڵه‌بجه‌ی شیمیاباران کرد، زیاتر له (۵۰۰۰) که‌س له‌ژن، زاروك، پیاوی پیر، منداڵ، مێر منداڵ، کچو کوری قڕ کردوهه موخه‌فه بون و شه‌هید کران به‌ده‌سی سه‌دام [1] هونه‌روه‌ری به‌رێز کاك عوسمان کێمنه‌یی وخێزانی دوباره ئاواره‌ده‌بن و له که‌ژه کانی عه‌بابه‌یلێ، هاوار، چه‌می ته‌وێڵه و شوشمی یه‌وه هاتونه‌ته (پاوه) و له‌وێشه بۆ ئوردوگای سه‌ریاس و له‌وێشه‌وه بۆ ئوردوگای ده‌ربه‌ندی دزڵی و له‌وێشه‌وه به ئیجازه‌ی کۆماری ئیسلامی ئێران چونه‌ته (مه‌ریوان) و نیشته جێبون. عوسمان کێمنه‌یی ٦ کوڕ و ۲ کچی هه‌یه و بۆ ماوه‌ی چڵ ساڵ زیاتره گۆرانی ده‌ڵێ‌و به تایبه‌ت (سیاچه‌مانه که چه‌ن به‌شه: مام

---

۱ـ بۆ زانینی جینایه‌تی صه‌دام و صه‌دامیان بروانه باسی هه‌ڵه بجه‌ی سوتاو هێروشیمای کوردستان له کتێبی زانایانی کورد ج ۴ و ۵ په‌ره‌ی ۲۱٦ تا ۲۴۷ به قه‌ڵه‌می (شه پۆل) چاپی ساڵی ۱۳۷۴ ـ تاران، عه‌فله‌قی صه‌دام.

Dr.Saleh Ebrahimi



حەیدەرکاکە، رەشە غولاٚم وە تا ۱۰۰ جۆرە، کە بێ‌موسیقی دەخوێندرێ و واژەی شادی تێدا بەکار نابرێو تەنیا تازیە خوێنی و پرسەیە. یا (چیلە) کە بە موسیقی و چەپڵە رێزانو لەکاتی شادیو خۆشیدا دەخوێندرێ، دایك و باوکی کاك عوسمان دەنگیان زۆر خۆش بووەو (سیاچەمانە)یان باش و تووە.

عــەشقی ئــێوارەی ســەرەیێ کــانی ‌‌ ‌ بــەر ئــەداتــە چــەم کــڵپەی گــۆرانــی.

ڕۆژ ئــاوائــەبێ، چــەم تــاریکدایــە ‌ ‌ دەنگــی (کنــالەیل) هــەر دوایــی نــایە...

مــانگ بــەتریفەی نــاودێ ئــەکــاکــەیل ‌ ‌ هێشتــا هــەرگەرمە نــاڵەی (کنــالەیل...!)

«سیــا چــە مــانە... سیــا چــە مــانە...» ‌ ‌ بــەهەشتِ عــەشقە ئــەم هــەورامــانە!

«سیــا چــە مــانە... سیــا چــە مــانە...» ‌ ‌ هــەورامــان جێگــای سیــا چــە مــانە[1]!...

دەردت لە مــــاڵم نەونەمــــامی نــــو ‌ ‌ مەردەینم فــەرزەن تــاکــو دو ری تــۆ

ئەو گۆرانیسیانە کەبە (گیانە کەم لەیلو... دوایی دێن (سیاچەمانە)ن کە دەبێ گەرو، واژەبکێشێ و ئەوانەی کە بە کێشانی کە مترەوە، دە خوێندرێن، وردە بەزم یاگوشی یان پێ دەوترێ، وەك (هەی داد هەی بێداد تۆ خواگرانەن دەردم ـ سەیری بالاٚکەن بە خواتەمام نەکەردم) وە گۆرانی (شێخانی) کە جۆرێ پارانەوە لە بەرخوا و پیاوچاکانە، کاك عوسمان لە منداڵیەوە (سیاچەمانە) لەباوكو دایکیەوە فێر بووە، وەلە کاك ئەحمەدی لالۆ حەمەحاجی (نازارێ) فێر بووەو (باوانە کەی باوانم هەرتوگیانی شیرینم ـ تۆ خوا لە خوام داوایە مەرگی بالاٚ کەت نەبینم ی لە گەڵ ئەوان خوێندوە.

کاك عوسمان باوەکو، نە خوێندەوارە، بەلاٚم خوامێشك و حافیزە یەکی بەوزەی پێداوەو شیعرێ زۆرێ لە شاعیرە گەورە کانی کوردی لە بەرەو هەروەك هەنگ وایە و رێگای دور ماندوی ناکات و لە جوانترین گوڵ شیرەو هەنگوین دە گرێو شانەی هەنگوین سازدە کاو بەخەڵکی دەدا، تابینۆشن و شفای دەردورەنج و نەخۆشی و ناخۆشی دڵ و دەرونیان پیێبێ. (فیە شفاء للناس) کاك عوسمان تەنانەت خۆیشی شیعرو هۆنەی و تووەو ئەگەر شیعرێکی نارێکی بیستبێ خۆی بە زەوق و قەریحەی خوا پێداوییەوە، راستی کردۆتەوەو ئـاهەنگ و

---

۱ـ شیعری گۆران شاعیری بێوێنەی کورد.

Dr.Saleh Ebrahimi



گۆرانیه کەی خۆی پیێ رازندۆتەوە، دەڵین: جارێك لە هەڵەبجە بەزۆر دەیبەنە سـەردەرسی نەهێشتنی نەحۆیندەواری، بەلاّم بە چەپڵەلێدان (ئۆخەی لەرزانە... موبارە کت بیٚلێرەو پەروانە) یا (هۆخڕە لە خڕماڵ سور ببە دەسماڵ ـ هارەی مێخەك بەن باوانم، رۆیشتەوە بۆ ماڵ) بۆ مامۆستاکەیکە نێوی (هیوا) بووە و لە (هەڵەبجە) بەگازی شیمیایی خەفەبووەو شەهیدکراوە، دەخۆینیٚو ئەویش لە باتیان شادەی کەلاسی شەشەمی سەرەتایی پیٚدەدا، بە فەرمودەی گۆران، بەلاّم چ بکەین لە نێو چاوی رەشی بە عزێی زەکای گەورە ـ وەکو تۆی گوڵی دەم با، لە سەر بەردێکی رەق ئەرۆین. خوالەو مرۆفە بیٚ سەوادە، ئەو هۆنەرەی خولقاندوە. دەڵێن: گۆران لەسەرە مەرگی (هیوا) شیعرێك دەخۆینێتەوە، کابرایەکی بە زەوق بەگۆران دەڵیٚ: خۆزگە تۆ هەمو رۆژیٚ کوڕێکت ببوایەو بمردایە تاتویش شیعریٚ وات بۆ دانابا. ئـاوارە بـونی کـاك عوسمان وای کردوە لەوەتی لە هەڵەبجەی شـەهید هێروشیمـای کوردستـان ئـاوارە بـووە، گۆرانیە کانی پڕسۆزترنو ئاگر لە مرۆف بەردە دەن، دیارە هەمو دەزانین کاتیٚ ئوموکولسوم لەقاهیرە گۆرانی حەماسی دە خۆیند چ ئاگرێکی هەڵدەکرد تا سەربازو سپا،بەدژی هێرش کار، هان بدا، یاشوان پەروەری کورد یارە زازیو هونەروەرانی کورد چلۆن بە دەنگ و ئاوازی خۆیان خەڵك شاد و سەر خۆش دە کەن، دە گێرنەوە کاك عوسمان جارێکیان لە (گەچێنە)وە بەرەو (کێمنە) دیٚو لەوێوە بە نێو گوڵو گوڵزاری خەملیوی هەوارە بەرزە کانی (کەلی ئایشیٚ) لەپشتی (هەفرە) وە و لەوێشە وەبە (قولوبلچیٚ)دا تـیٚدەپەریٚ و دەروانـیٚ (رانـی) گـوندی (کێمنە) لەویٚ لە پەچە دراوەو وەرزی بەهارە و مالاّت تیڕ و پڕنو مۆڵیان خواردوە، ئەویش لە بان ئەو یاڵەوە دەست دەنێتە بناگۆیِ و (سیاچەمانە)یەك دەخۆینیٚ بەم شیعرانەوە (هەی داد هەی بێداد ناسکیٚ وەی گرانەن دەردم تۆ خوا لەیل و...) مستەفا شوانی قەلاّجی دڵیٚ: پەزێك کاتی ئەو دەنگەی بیست، وڕما و سەری بەرز کردەوەو روی کردە لای ئەودەنگەو چەن جار باراندی.[1]

---

١ - برروانە کۆواری ئەسحابی ئینقلاب پەرەی ٦٢ تا ٩ چاپی ١٣٧١ بە پیٚ وتوێژی کـاك عەدنـانی زەبیحی (شەپۆڵ).

Dr.Saleh Ebrahimi

۳۰۵ ـ باوی کور دەواری

وتمان (هۆرە) لە رۆژگاری زەردەشت بەرلە ئیسلام بەناوی موناجات و پارانـەوە ـ هەبوەولەورۆژگارەوە بە یادگار بۆ ئێمەیی کورد ماوەتەوە. هۆرە ئاهورامزدا، کەلاهور، کـە ڵهور، لێک نێزیکن واژەی هۆرە واتای هۆرە زیاتر لە بیلوار،گاوەرو، (کامیران)کامیاران، ئیلام، لورستان، لەنێو هۆزی کە ڵور، سنجابی، قەڵخانی، کرگا، ئە حمەد وەندو... هەیەو بە کاردە برێ چونکائەو مەڵبەندانە کەجیرانی عەرەبی عیراقن و هەمیشە جەنگیان بووە و بەشوێن شەهیددانـدا بۆتە عەزاو پرسەو کەمتر دەرەتانی شادیان هەبووە، ئەوەیەجلکی ئەوانە بە تـایبەت ژنـانیان بەرەنگی مەیلەو رەشە، دیارە مرۆف کە خەفەتبار بو، پارانەوە و گۆرانی لێک ئەدا،بە ئاوازی گونجاو لە گەڵ ئەو بارو دۆخە رۆحی و گیانیە، دەنگ بەرزدە کاتەوە وهاواردە کا ولەبان یاڵی کێوێکەوە دەس دە کا بە هۆرەچرین و لە بێخی دڵو دەرونەوە، بە واژە کانی ئەوئاوازە دەردو رەنجی چەند ساڵەی دەردەبڕێ. شیعری هۆرە واتای حیماسی و ئازایەتی ۆبەزی ئەداکە تاکە تاکێ لە راست هێرشی دژو دوژمندا، وەک پۆلاوابووە. لەم شیعرانەدا هەست و ئیحساساتی هۆزەواری، بە نیشاندانی، ئازایی، غیرەت، ئوگربون بە: ئاو، نیشتمان، نەبەزی باو بـاپیران و بەرگری لە ماڵ و خاک و ناموس و... وەک ئەم شیعرانە: (۱ ـ دڵم لەت لەتە، بیری وەتەن ئە کا ـ وەتەن ئاوابو! کێ بیر خۆم ئە کا ۲ ـ یادی گوزشتەی هام فەردانم کەرد ـ کوردستان محاڵ، هەورامانم کورد ۳ ـ سوێندی پێ بخۆین تا وەروی مردن ـ کۆتایی نە کەین لە تۆڵە سەندن) ـ شیعری پیوەند دار بە سروشت کە لە لایەن شاعیرانی گەورەی کـوردەوە بـە شـیعر پـەسنی خۆرسک و سروشت کراوە، یابە وێنەی فۆلکلورو کەلە پور شیعرە کانی بەسەر زارانـە وە، ماوە، کە زیاتریان جوانی و رەنگینی و گوڵ گوڵینی سروشت بەیان دە کەن و لە تە ک دەشت، کیو، چومەڵە ئاو، زەوی، ئاسمان، بەرد، دار، ئەستێرە قسەدە کا وە ک ئەم هۆرە) ۱ ـ فەسلی نەو وەهارە، وەختی گوڵ گەشتەن ـ سەر زەمین بەرەنگ سارای بەهەشتەن ۲ ـ هەیمای زمستان تەشریف نە بەردەن ـ نەو رۆز گوڵ موژدە وەهار، ئاوەردەن ۳ ـ وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن ـ هاژەی وەفراوەن، شاخەی شەتاوەن ـ شیعری ئەویندارانە کە زۆر جوان ئاوازی کوردی بە شێوەی تەرانە (ستران) گۆرانی، غەزەل، مەقامات، هۆرە، دەخوێندرێ و قسە لە دوری یار، فیراق، ئارەزو، نازداری یار، ئەوین، هیجر، تۆران، وەسلی یار و... دەئـاخوێ

Dr.Saleh Ebrahimi

٣٠٦ ـ شه پۆل

وەك هۆرەی ١ ـ (دڵە کوت بای... ٢ ـ شەرت بۆ، وە داخت بچم نامەوە ـ هەفت فرسەق ئەولای موڵك شامەوە ٣ ـ سینەی من بدڕن دڵە کەم دەربارن، وەبان ئەودڵە بانگێ هەڵ بارن ٤ ـ قاڵ کە فتە «قەیتویڵ» زڵەوە «باخان» ـ ماڵ بیوەی، شوی مردی، بی، وە چراخان.

ئەمەیش هەندێ لە شیعری سکاڵای دڵ، کە کاك عوسمان کێمنەیی وتویەتی:

بەڵام بەزمە کەی من جارانم ڕۆ　　پەی چۆڵ مەندە کەی هەورامانم ڕۆ
جێگای سەیرانگای برادەرانم ڕۆ　　کۆیلە و داڵانی بزازەرانم ڕۆ
سەیری چەم و دۆڵ دڵاوەرم ڕۆ　　هامنە و پاڵانی دزاوەرم ڕۆ
چەم و دۆڵە کەی من بێ سەرم ڕۆ　　شلانا و ماڵیدا ئاویسەرم ڕۆ
سەیری چەم و دۆڵ من باخانم ڕۆ　　بەڵخە و بیارە دەگاشێخانم ڕۆ
سەیری سەیرانگای چۆڵو هۆڵم ڕۆ　　شنروێ وهاوار مەم وەزگێڵم ڕۆ
ئارۆلوانی کەلی ئەشکە هۆڵ　　من چاگە زانام حەلبچە بیەن چۆڵ
جادەی حەلبچە زەمەقی و سیروان　　گشت خوێناویە بە خوابراگیان
حەڵەبچە و خورماڵ هەتا شەمێران　　ئەوناوە ناوە گشت بیەن وێران
ئەگەر مەپرسی بەدڵیەوە گیانی　　چەن لاشەی شەهید کەوتووە خەرپانی
سورە هەڵاڵە وهەم چنورم ڕۆ　　شاخی قەرەداخ شارە زورم ڕۆ
حەڵەبچە و خورماڵ، گولف و گیاچینە　　هیچ کەس نەدیەنش زوڵمی ئەچینیە
ئاوارەی وەتەن خەیلی ستەمەن　　نەجیاتی شادی ڕەفێقم غەمەن
بابدەم بە سەردا هەردو دەستی خۆم　　بۆ چۆڵی وەتەن بۆبێ کە سی خۆم
قەڵای مەریوان وابەرابەرم　　تیری غەریبی دانش جگەرم
مەتەرسۆ بمرۆداخ لە دڵم بۆ　　خاکی مەریوان ئاە و گڵم بۆ
هەروەختێ مەردا وەسیەتەن ئامان　　تەرمە کەم بەردی ڕوبە هەورامان
ئەسپەردەم کەردی جاسەر دیارە　　باڵێم دیاربۆ ناحیەی بیارە
خوای بان سەر، کارێ کەرە پێم　　منیش گێڵوە پەی وەتە نوێم
ئازیزدیارەن وادەی لوامەن　　ئەڵویدای ئاخرئەوە نامامەن

Dr.Saleh Ebrahimi



دەوڵەتەکەی وەسڵ پاش نەزەواڵەن — جاریَو تەر دیدەن باڵات مەحاڵەن
بابەیو شێوەی شیرین ڕازەکەت — تەسکین بۆ بە دڵ ئاوات وازەکەت
ئەر ئامستش ئازیز پەی دڵەی غەمگینت — عەمری دوبارەن جاریَ تەردینت
وەر ناستش ئازیز تۆبە سەڵامەن — دیدەن یارانە مەگەر قەیامەت.

نوکتەی جوان،لە بابەت موسیقی سەر زەوی ئیلامەوە، دوزاناو لێکۆڵەر بەناوی (پ. ئامیت) و (دە بیلو. هنیز) دەنوسن: موسیقی لێدان لە جەژنی مەزهەبی و قوربانی کردندا سیَ هەزار (۳۰۰۰) ساڵ بەر لەزاین لە ئیلام بەڕێوە براوە. (پ. ئامیت) مۆرێکی لەشوش دیوەتەوە کەتەختێکی ڕەوانەو خوایەکی لەسەر دانیشتوە، چەن کەسییش شانیان داوەتە بەری‌و بەڕێی دەکەن‌و یەکیکیش دو هە نگاولەپیشیانەوە، دەرواو کەرەستەیەکی موسیقی بەدەسەوەیەو لیَ دەدات. دەبلیو. هێنز دەنوسیَ: لەدەورو بەری ۲۲۲۰ ـ ۲۲۴۰ بەر لەزاین دەستەیَ نەوازندە لەبەر دەم دەروازەی مەعبەدی (شوش) دەبیندرێن کە خەریکی موسیقا لێدانن، دیارە ئەم دوقسەلەو دوزانایە، نیشانەی ئەوەیە کە ئیلامیەکان زۆرلە سومری یەکان فێری موسیقی بون‌و موسیقی کوردە مادە کانیش هەر بەو پێو دانە؛کۆنە ـ بڕوانە ئاوێنەی ژمارە ۱۷و۱۸ چاپی ۱۳۷۳ موسیقی سەر زەمینی ئیلام بە قەڵەمی زانای بەڕێز حەکیم مەلاساڵح (شە پۆل).

□ **عەلی ئەکبەرشکارچی** ئەم هونەروەرە کە وەك کانیاوەکانی (اشترانکوە) هەڵدەقوڵیَ‌و تافگە دەکاو دەجۆشیَ و دە خورۆشیَ لە ساڵی ۱۳۲۸ی هەتاوی لە ئیستیگای ڕێگا ئاسنی (چەم سنگر)ی لورستان لە دایك بوەو لەزاروکیەوە ئەویندارى (کەمانچە) یەوزۆر جوان‌و هونەروەرانەو ئۆگردارانە کەمانچە ئەژەنیَ‌و لێی دەداو لەم ڕێگاوە خزمەتیَ زۆری بە سازو ئاوازی کورد لوری کردوە، لە لورستاندا، هەروەك مەڵبەندی کوردەواری جۆری موسیقی مەڵبەند بە مەڵبەندی فەرقی هەیە، بۆوێنە (سیاچەمانە، هۆرە، مور ـ و...) زۆر کۆنن و لە لورستانیش باون،گۆرانیی (عەلی دۆسی) لە تەك خۆیدا دنیاییَ خەم، شادی، شکۆ، گلەیی، تێیدایە، جارجارەش شیعرگە لیَ بەواتای ئەخلاقی وەك (بارکنیەتا بارکنیم دئی مولك دلگیر ـ تود خوسەم د حەسرەت هەردو بییم‌پیر ـ یا هەرگولی ك گولچنش بیَ‌ف هزار کە دوەمیەکەواتای ئەخلاقی هەیە. (مویە) یا مورد کە کەسانیَ (مویە) دە خوێنن کە خەفەتیان زۆرە

Dr.Saleh Ebrahimi

۳۰۸ ـ شه پۆل

یا کشکه شیرازی که میر نەورۆز که ئاشقی کیژۆڵه یه کی گچکەی لوری شیرازی دەبێ بەشیعر پێی هەڵدەڵێ. یا گۆرانی (هالوەی گەنم خره ـ کەوش تەلاً ـ مەریەم، یا گۆرانی (قەدەمخەیر دلیو جوو، پایاشەمیشوره ـ تیاش چی تنەنگچی کیویانه میجوره ـ لەم شیعرەدا دو وێنەی جوان هەیه: ۱ ـ ژنێک له نێو ئاو پای دە شوا ـ ۲ ـ وێنەی حەماسی و نەبەزی و ئازایی ژنه لورێک که چاوە جوانەکانی به تفەنگچی گەلێ تەشبیه کراوه که زەردوچیاکانی گرتۆتە بەرچاوە دێری تا نەچیرێک پەیدا بکات چ غەزالی کێوی یا دوژمنی زاڵم کەدەڵێ: قەدەمخەیر، قەدەمزنه دمین میشو ـ کورکو پەشم جەمیکنه سیقەوموخیشو) که قەدەمخێر بەوێنەی قارەمانێک بەنێو رانه مەرەکاندا دەگەڕێ و خوریەکانی کۆ دەکاتەوە، بۆخزموکەس وکارو هەژاران. یا گۆرانی (بەمیرم، میری) که بۆ ئازایی جەنگجۆیان دەوترێ. یا گۆرانی (هەیفەله یا سیت بیارم) که ژنان له بوک هێناندا دەی خوێنن. یا گۆرانی خەرمان کوتان، مەشکەژەندن، لایەلایه، وەگۆرانی دایەدایه زۆر قوڵەو حەماسی یەکه له موسیقی بەختیاری، لوریدا ـ رەشیدی، سقایی، شوکرعەلی رەزایی ـ میرزاوەندیو... گۆرانی جۆربەجۆریان خوێندوه ـ یاهیمەت عەلی سالم، پیروەلی، حوسین سالم کەله پێشکیسوەتانن، شامیرزا مرادی وەستای زورنایه. له هەموان چاکتر خوالێخۆشبو حوسین عەلیخانییە. عەلی ئەکبەر شکارچی بۆکاری هونەری خۆی له شیعری رەحمانپور، ترکمیر، ئازادبەخت، مەلا منوچهر ـ ی کۆلیوەند، نەوەدارو که بۆ ئاهەنگی لوری بوزمیری سازدراوه یا له شیعری فولکلوریک کەڵکوەردەگرێ. بروانە ئاوێنه ژمارەی ۱۷ و ۱۸ و تو ویژی کاک عەلی فەیلی لەگەڵ شکارچی دا. شه پۆل •

Dr.Saleh Ebrahimi

## کەماڵەدین:
## موسیٰ کوڕی یونس کوڕی محەمەدی هەولێری کـوڕی مەنعە

١١٥٦ ١٢٤٣ز

٥٥١-٦٣٩

کەماڵەدین عەلاٌمە. ئەبولفەتح (موسا) کوڕی ئەبولفەزل یونس کوڕی محەمەد کوڕی مەنعە کوڕی مالیک کوڕی محەمەد لە موسڵدا لای باوکی زانستی فیقهی خـوێندوە. ئەوسـا چـووەتە بەغـا لەفـێرگەی نـیزامـییە دا عیلمەکانی تری لەفەلسەفەو کەلامو ئەقڵیو نـەقڵی تـەواوکـردوەو لەوێ بـە (ئیبن یونس) ناوی دەرکردوە-لە پاشان گەراوەتەوە موسڵو لەفێرگەی (کەماڵییە): (کەمالەدین شارەزو ری) خەریکی دەرس و تنەوە بووە هەر لەو فێرگەیەدا عیلمی مەنتیق، حیکمەت، تەبیعییات، ئیلاهییات، پزیشکی. هەیئەت، حیساب، هـەندەسە، جەبروموقـابەلە موسیقـاو زیـجو زانستەریـازییەکـانی بـەدەرس گوتوتەوەو برەوی بەوزانستانە داوە. عیسەوییەکانو جولەکەش، (ئینجیل) و (تەورات) یان لای ئەوزاتە خویندوەو باوەریان بەزانستی ئەوزانایە هەبووە. بەکورتیبڵێین: (لەگشت فەنێکا کەڵەمێردی ئەوفەنو زانستە هەرخوییبووە). لە مەزنیو زانایی و بەرێزیو پوختەیی ئەو بلیمەتە کوردە هەرچی بنوسرێ کەمە.

لەکاتی دەرس گوتنەوەدا نیازی بە کتێب نەبووە. فەقێکان مەتنی کتێبەکەیان بۆخویندوتەوەو ئەویش لەبەر راڤەو بەیانی کردوەو باسە رەق و سەختەکانی بۆ شی‌کردونەتەوەو فێری کردون و تێ‌گەیاندون، موسی کوڕی یونس زانستی خیلاف وئوصول و ویژاوەری لە (نظامیە)ی بەغا لای (کەماڵ ئەبی بەرەکات عەبدو رەحمان محەمەد ئەنباری) خوێندوەو لە بەریشا هەندێک لای شێخ ئەبو بەکر یەکتاکوڕی سەعدون قورتوبی خوێندویەتی.

موسی کوڕی یونس[1] لەدواییدا گەراوەتەوە، شاری موسڵ لە مزگەوتی ئەمیر زەینەدین خاوەنی هەولێر دوای مردنی باوکی کە بوتە دەرس بێژ[2] موسی کوری یونس لە هەموزانست و فەرهەنگ و مەعاریفی باوی سەردەمی خۆی زور زانا ودەم هەراش و قسەزان بوە ولە هەموزانستەکاندا هەر شەپولی داوە، وێنەی لەو رۆژگارەداکەم بوە بەتایبەت لە زانستی (ریازی) داوێنەی نەبوە.

فەیلەسوفی مێژو کوری خەلەکان لە پەراوەی (وەفەیاتول ئەعیان فی ئەنبائی ئەبنائی زەمان)دا نوسیویەتی: ئەبو فەتح موسی کوری ئەبی‌فەزل یونس کوری محەمەد کوری مەنعە کوری مالیک کوری محەمەد ناو داربە (کەماڵەدین فەقیهی رچەی ئیمامی شافعی یەو لەسالی ٦٣٦ی مانگیدا لە موسڵ چاوم بەم زانا گەورەکەوتوەو زۆر جاران ئەچومەلای چونکا لەگەڵ باوکم زۆر دوست بوە. بەداخەوە چون بەلەز بەرەو شام:[3] ئەروێشتم نەم توانی زانستی لا فێربم.

---

١ ـ یونس لە رۆژی دوشەمە ٦ی مانگی محەرەمی ساڵی ٥٧٦ی مانگی بارگەی بەرەولای خوا تێکاوە)

٢ ـ فێرگەی ئەو مزگەوتە بە (فێرگەی کە ماڵیە) ناو دارە، چونکا کەماڵەدین ئەبی‌فەضل محەمەد کوڕی ئەبو محەمەد شارە زوری سازی داوەکە لە وێ بووە.لە ٥٧٢ مردوە.

٣ ـ (دەسە چەپ قامیشەلاَن ـ نەیزار)و . . . سوریە .

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەڵین: موسی کوری یونس ٢٤ فەننی زانیوە جا هەر لە بەر ئەمە بەتاقانەی رۆژگار ناودار بوە.

ئەڵین: کوڕی‌لە پەیرەوانی رچەی ئیمام ئەعزەم ئەبو حەنیفە پەراوەی (جامع‌الکبیر)یان لاخوێندوەو جوان بوی شی کردونەتەوەو تەنانەت رەخنەشی لەو پەراوە گرتوە.

زانستی خلافی عیراقی و بخاری و ئوصولی فیقە، ئوسولی دین و زانستی‌کەلامی زۆر چاک‌زانیوە.

ئەڵێن کاتێ کتێبەکانی فەخری رازی گەیشتنە موسڵ بێجگە لە موسی‌کوری یونس هیچ کەس لەزانایانی موسڵ زاراوەکانی ئەوکتێبانەیان نەئەزانی هەروا (ارشادی عمیدی)ش کەس وەکو ئەوی نەئەزانی.

کەماڵەدین کوری یونس لەزانستی حیکمەت وفەلسەفە و کەلام و مەنتیق و تەبیعی و ئیلاهیات و پزیشکی و زانستی ریازی، لە ئیقلیدوس، هەیئەت و مەخروتات و موتەوە سیتات و مەجیستی و حساب و جەبرو موقابەلە، ئیرتیماتیقی خەتەئەین، موسیقی و هەندەسەی وا زانیوە، کەس‌لەو رۆژگارە داتوزی ئەوی نەشکاندوە.

لەبابەت ویژەو ویژەوانی، و ویژاوەری و دەستوری زوان و صەرف و نەحو، وەتەدریسی کتێبی سیبەوەیهی، (ئیضاح)، تەکمیلەی ئەبی عەلی فارسی (مُفَصَّلِ زەمەخشەری) مامۆستا یەکی، بیهٚا و لف‌بوە.

لەزانستی تەفسیر وفەرمودەی پێغەمبەردا کوبەی زورە. لە(ئەسماء الرجال)دا دەسێ باڵای هەبوە.

مێژوی رۆژگاری عەرەب‌و وردەکاری مێژویی و شیعر و هەڵبەستێ زۆری لەبەر بووە و زانیونی.

شەرحگەلێکی وردی لەسەر ئەو دوکتێبە نوسیوە. بەواتاییێتر، ئەوانەی واهەموکەس بەتێکرا زانیویانە، ئەو زانا کوردە بەتەنیا هەموی زانیون. کوڕی خەلەکان، فەیلەسوفی میژو نوسیویەتی:

لەساڵی ٦٢٥ی مانگیدا روژێک شێخ ئەثیرەدین (مِفْضَل) ئەبو عەمر کوری مِفْضَل) ی ئەبهەری خێوی حاشیە وکوبە، لەزانستی خلاف وزیجدا، کەدارای تەئلیفاتێکی زورو مەشهورە، لەشاری موسڵەوە هاتە، لای ئێمە،لە هەولێرو لە (دارالحدیث) دانیشت، منیش (کوری خەلەکان) چومەخزمەتی بوخوێندنی زانستی خلاف، روژیکیان ژمارە یەکلە زانایان و فوقەهای بەغا هاتنەلای شیخ ئەثیرەدین (مِفْضَل) کە بەراستی زانابو، دەسکرا بە قسەوکوڵینەوەی زانستلەکاتیو تو وێژا یادی (عەللامە کەمالەدین) کرا. زانای ناودار (شێخ ئەثیرەدین مِفْضَل) فەرموی: کاتێ شێخ کەمالەدین کورێ یونس چوە حەجّ ولەوێوە هاتە بەغا من لەوێ بوم؟

ئەتوانم: بڵێم: زاناترلە ئەبو حامدی غەزالی نەهاتوتە بەغا بەلام کەمالەدین زور لە غەزالی زاناتر و بیرتیژ ترو بەرزتروپایە بڵیندتر بوە.

دیارە ئەمەشایەدی وقسەیەکیزلە، کە لەوزانایەوە لە بابەت کەماڵەدینەوە بەیانکراوە.

ئەبێ بزانین (ئەثیرەدین مِفْضَل) زور زاناو پایە بە رز بووەو بەراوەی (مجسطی) وەکو ئاوی شەوی ئەزانێ و بەدەرس لەبەر ئەی وتەوە.

عیماد ئەبو عەلی عومەر کوڕی عەبدو نورکوڕی مەجوج کوڕی (یوسفـی صەنهاجی لەزنی نەحوی بەجائی) لەستایشی موسی کوری یونس: کەمالەدیندا وتویەتی:

كمالُ كمالَ الدين لِلعِلْمِ و العُلا
فهيَهاتَ ساعٍ فی مساعيک يطمع!
اذا اجتمع النّظارُ فی کلّ موطن
فغايةُ کّلٍ اَنْ يَتَّقُوا و يستَمِعوا
فلاتَحْسَبُوهم مِنْ عِنادِ تَطَيْلَسُوا
ولکنَّ حياءً و اعترافًا تَقْنَعُوا
تَجَرُّ الموصلُ الاديال فخراً
على کُلّ المنازِلِ وَالّرُسومِ
بدجلَة والکمالُ هما شفاءَ
لَهيمٍ اَوْ لَذی فَهْمٌ سَقِيمٌ
فذا بحرٌ تَدَفّقَ، وَهَوَ عَذْبٌ
وذا بحرٌ ولكنَّ مِنْ عُلُومٍ!

عەللامە کە ماڵەدین: موسی کوری یونس‌کوری محەمەد کوری مەنعە لە روژی ٥ شەمە پێنجی مانگی سەفەری ساڵی ٥٥١ی مانگی لە موسڵ لە دایک بوەو لە ١۴ی مانگی شەعبانی، ساڵی ۶٣٩ی مانگی بارگەی بەرەو لای خوا تێکناوەو لە موسڵ لەگۆرستانی (باب‌العراق) دا نێژراوە.


زانای ناودار ئیمامی شافعی روژگار ماموستا مەلا عەبدولکەریم مودەرس[1](علماوءنا)دا نوسیویەتی: موسی کوری یونس ئەم‌زانا مەزنەکوردە، لە موسڵ دەرسی زانست وفیقهی خوێندوەو لەساڵی ٥٧ی مانگیدا لە وێوە بەرەو بەغا لە فێرگەی (نظامیە)ی بەغا لای سەید محەمەد کوڕی «هبةالله»

١ ـ لەنەوروژی ساڵی ١٣٢٣ی مانگی لەگوندی تەکیەی خورماڵ لەدایک بوە •

Dr.Saleh Ebrahimi

کوری عەبدوللاێ سەڵماسی کە لە ۵۷۴ی مانگیدا لەشاری بەغا مـردوە خەریکی پیا چونەوەیان بوە.[1]

سەرچاوە: وەفەیاتول ئەعیان فی ئەنبائی ئەبنائی زەمان.ج ۱۳۲:۲ و مفتاح السعادة ۲۱۴:۲ ومرآة الجنان ۱۰۱:۴. (گەنجینەی فەرهەنگ وزانست) بەرگی! شەپۆل و شذرات الذهب ۲۰۶:۵. مێژوی مەردۆخ وكۆواری ئاوێنە لاپە رەی ۳۲ و ۳۳ ژمارەی ۱ چاپی ۱۳۶۸ ی هە تاوی بە قە لە می (شە پۆل). عولەمائونا و طبقات السبکی ۱۵۸:۵ ـ۱۶۲ و روض المناظر بهامش ابن اثیر ۱۳۵:۱۲ و الفلاکة و المفلولون ۸۴. و الحوادث الجامعة ۱۴۹ و Brock. S.I:859 والبداية و النهاية ۱۵۸:۱۳ و تە بە قاتی موفە سیرین داودی خ وئە علامی زە رە کلی لاپەرە ۳۳۲ ج ۷ چاپی بیروت و معجم البلدان ج ۱۳ لاپەرەی ۱۵ چاپی ۶ بیروت، ئە بولفیدا: المختصر فی اخبار البشر ۳: ۱۷۷، ۱۷۸ و الصفدی: الوافی ۱۵۲:۲۶، ۱۵۳و ابن ابی اصیبعة: عیون الانباه ـ ۳۰۶:۱ و مختصر الدول الاسلام ۱۱۰:۲ و البغدادی ایضاح المکنون ۷۵:۱، ۱۳۵، ۲: ۱۳۶۷، طوفان: تراث العرب العلمی ۳۴۴ـ ۳۴۸، البغدادی هدية العارفين ۴۷۹:۲ و Brockelmann: S,I:859 •



۱ ـ نوکتە: سەڵماس شارێکە لای ورمێلە ئازربایجانی خوراوا دایە، دوزانـای نـاوداری وەکـو (عیماد) و (کەماڵ)ی کوڕانی (یونس کوڕی عەلوانی مەهاجیر) لای سەڵماسی پێگەیشتون• شەپۆل •

Dr.Saleh Ebrahimi

# عیمادەدین محەمەد کوڕی یونس

٦٠٨-٥٣٥

فەیلەسوفی مێژو کوڕی خەلەکان نوسیویەتی:

عیمادەدین ئەبوحامد محەمەد کوڕی یونس کوڕی محەمەد کوڕی مەنعەکوڕی مالک کوڕی محەمەد. لە رچەو رێبازی (ئیمـامی شـافعی)دا فەقیهێکی پلەوپایە بەرزبوەوبرای عەلامە کەماڵەدینە.

عیمادەدین لەرۆژگاری خۆیدا لە (ئوصول) و خلافدا پێشەوا بوەوزۆر ناودار بوە، کەلە دوروڵاتەوە خەڵک هـاتونەتە لای بـوفێربونی زانست و ژمارەیەکی زۆرلای ئەوزانا کوردە پێگە یشتون و بونەتەمەلاو مودەریس.

عیمادەدین لەسەرتاوەلای یونسی باوکی دەرسی خوێندوە لەشاری موسڵدا لەدواییدا چوتە بەغا و لەفێرگەی: (نظامیه)ی بەغالای (سـه يد محەمەد سەڵماسی) خەریکی خوێندن بوە، لەزانست و عـیلمی فیقـه و (ئوصول) و خلاف دەسی بالای بوە، لەفێرگەی (نوریه) و (عِزّیه)و(زینیه) و (نفیسیه) و (علائیه) دەرزبێژ بوە. لەمزگەوتی (موجاهد) ئیمام وخەتیب بوە. پەراوەی (المحیط) لەجەمعی بەینەل موهەز زەبی وەل (وەسیط) و (شەرحی وەجیز)ی ئیمام محەمەدی غەزالی، لەنوسراوەکانی عیمادەدینن.